فەرید ئەسەسەرد

جیۆپۆلەتیکی کوردستان

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١

جیۆپۆلەتیکی کوردستان
فەرید ئەسەسەرد
بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١
ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان (١٨١٦) ساڵی ٢٠١١
لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپکراوە
دیزاین: ئەمیرە عومەر
تایپ: شانیا یوسف
تیراژ: (٤٠٠٠)
ژمارەی زنجیرە: (٣٠)

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

دامەزراوەیەکی کەلتوورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێیی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەدەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق

جیۆپۆلەتیکی کوردستان

لەنێوان جیۆپۆلەتیكو ئەمنی قەومی دا پەیوەندییەکی بەتین هەیە بەجۆرێك کەهەندێ جار بەڕادەیەك تێکەڵاوی یەکتری دەبن کە لێك جیاکردنەوەیان دژوار دەبێ. جیاکردنەوەی جیۆپۆلەتیك لەئەمنی قەومی، مەسەلەی دارشتنی سیاسەتێکی بەرنامەدار دەشێوێنێ. وەك چۆن ئەمنی قەومی بەدەوڵەتەوە بەستراوەتەوەو لەخزمەتیدایە، جیۆپۆلەتیکیش هەم وەك تیۆری پەیوەندیی بەدەوڵەتەوەیە هەم وەك زانست. بەستراتی هەردوکیان بەدەوڵەتەوە،

فاکتەرێك پێکدێنێ کەتێکهەڵکێشبونیان ئەگەر وەك شتێکی حەتمیش نەسەپێنێ لانی کەم وەك شتێکی پێویست دەسەپێنێ.

جیۆپۆلەتیك زانستێکە یا تیۆرییەکە لەهەمو رویەکەوە لەهێزی دەوڵەت دەکۆڵێتەوەو هەوڵ دەدا ئەمنە قەومیەکەی بپارێزێ. بەواتایەکی تر، جیۆپۆلەتیك لەڕوی پرەگماتیکییەوە بریتیە لەهونەری کاری سیاسیی دەوڵەت لەتێکۆشانیدا بۆ بەدەستهێنانی دەرەتانی ژیانیو لەڕوی سیاسییەوە لەدەوڵەتو لەباری پاشەڕۆژی دەکۆڵێتەوە. بەمجۆرە، جیۆپۆلەتیك دەبێتە ئامرازی دارشتنی ستراتیجی نەتەوەیی دەوڵەت بەپێی بارودۆخی جوگرافی- سیاسی: ئەگەر بەزمانی سپیکمان بدوێین، جیۆپۆلەتیك هەوڵ دەدا ئەمنی دەوڵەت بەڕەچاوکردنی فاکتەرە جوگرافییەکان مسۆگەر بکا.

توند پێداگرتن لەسەر بەستنەوەی جیۆپۆلەتیك بەدەوڵەتەوە بەری ئەو بۆچونەیە. دیارە هەمو دەوڵەتێك

پێویستی بەدەستەبەرکردنی ئەمنی قەومیی خۆیەتی، چونکە ئەو دەستەبەرکردنە مانەوەی وەك کەیانێکی سیاسی دەپارێزێ. لەبەرئەوە، بێجگە لەکەڵك وەرگرتن لەجیۆپۆلەتیك وەك ئامرازێکی دارشتنی ئەمنی نەتەوەیی هیچ رێوشوێنێکی تری لەبەردەمدا نیە.

شتێکی بەڵگەنەویستە کەدارشتنی ستراتیجی نەتەوەیی دەوڵەت پشت بەتوخمە جیۆپۆلەتیکییەکان دەبەستێ. بێگومان هەر ستراتیجێکی بەهێز، ئەگەر پشت بەتوخمە جیۆپۆلەتیکییەکان نەبەستێ، هیچ تەئسیرێکی نابێ، لەبەرئەوە، دەستنیشانکردنی توخمی جیۆپۆلەتیکییەکانی دەوڵەت گرنگی تایبەتی خۆی هەیە چونکە رێ بۆ دارشتنی ستراتیجی نەتەوەیی بەپێودانگێکی دروست خۆش دەکا.

بەڵام چۆن دەتوانین جیۆپۆلەتیکی دەوڵەتێك دیاری بکەین کەهێشتا دانەمەزراوە؟ ئەم پرسیارە وەڵامێکی ئەکادیمی وردی دەوێ. بێگومان بۆ دیاریکردنی

جیۆپۆلەتیکی ناوچەیەکی دیاری کراو یائقلیمێکی دیاریکراو دەبێ زانیارییەکی تەواو دەربارەی دەوروبەرە ئقلیمییەکە هەبێو شارەزاییەکی زۆر دەربارەی ناوچەکە یا ئقلیمەکە لەڕوی سنور، جوگرافیا، میژۆ، دانیشتوانو زمانەوە هەبێ. دیارە دیراسەکردنی جیۆپۆلەتیکی ناوچەیەك یائقلیمێکی بێ سنورو شێواو لەڕوی جوگرافیاو دانیشتوانەوە، کەندو کۆسپێکی زۆری لەسەرە بەتایبەتی ئەگەر ئەو ناوچەیە یا ئەو ئقلیمە لەسەر نەخشەدا کەیانێکی سیاسی دیاریکراوو رونی نەبێ.

دیراسەکردنی جیۆپۆلەتیکی هەر ولاتێکی بێ سنورو بێ چێوەی سیاسی کەروپێوەکەی بەوردی نازانرێو ژمارەی دانیشتوانی بەوردی دیارنیەو سنورێکی رونو یەکجارەکی نیە، وەك ئەوەیە بەدەست راوەماسی بکەین. هەر لێکۆڵینەوەیەك لەم بارەیەوە، لەبەر ئەو هۆیانەی باسکران، بەبێ کەموکوڕی نابێ، کاتێك هەوڵی دیراسەکردنی جیۆپۆلەتیکی ولاتێکی بێ سنوری وەك کوردستان دەدەین،

کۆسپ لەدوای کۆسپو گیروگرفت دەربارەی زانیاری ورد پەیدا دەبێ.

ئەوە راستییە کەکوردستان لەبەر بارە ئالۆزەکەی هەمیشە لەباریکی نائاساییدا بوە. پێش هەمو شتێك کوردستان ((ولاتە))، ((دەولەت))نیەو سەرەڕای ئەمە هیچ زانیاریەکی وردو لەگومانبەدەر دەربارەی لایەنە جیۆپۆلەتیکییە پێویستەکان دەس ناخا. دیارە هەر کەیانێکی سیاسی لەسێ توخم پێکدێ کەبریتین لە: خاك، دانیشتوان، دەسەلات، بێگومان تائێستا هیچ کەیانێکی سیاسیی یەکگرتو لەکوردستاندا نیە، لەبەرئەوە خۆخەریك کردن بەدیراسەکردنی لایەنەکانی خاك (روپێو، سنور، پەلهاوێشتنو هیتر) دانیشتوان (ژمارە، مەزەب، بلاوبونەوەو هی تر)، دەسەلات (حکومەت) کارێکی فرە دژوار دەبێ.

لەسۆنگەی ئەمەوە، هەر لێکۆڵینەوەیەکی گشت لایی دەربارەی جیۆپۆلەتیکی کوردستان، پێویست بەوە دەکا کەشێوەی دەولەتێك یان کەیانێکی سیاسی بێنینە بەرچاو

کەهەموو ئەو خاکە دەگرێتەوە کەکورد بەخاکی خۆی دەزانێ. لەبەرئەوەش کەئەم دەولەتە یا ئەو کەیانە سیاسیە هێشتا لەئارادا نیە، ئەم لێکۆڵینەوەیە دیدێکی ئایندەیی بەخۆوە دەگرێ. لەم لێکۆڵینەوەیەدا، لەهەر جێیەك ناوی ((کوردستان))دێ، ئەم ناوهێنانە مانایەکی دولایەنەی دەبێ. واتە، وردتر، بەمانای ولات- دەولەت دێ. لەبەرئەوە پێداگرتن لەسەر زێدەڕۆیی نەکردنو ئافەروزکردنی بەرچاو تەنگی، بۆ گەلالێبونی لێکۆڵینەوەیەکی بابەتی، تونـد خۆی دەسەپێنێ.

١- شوێن، روپێو، دانیشتوان

لەجیۆپۆلەتیکدا شوێنی جوگرافی گرنگیەکی زۆری هەیە، هێزو بێهێزیی هەر دەولەتێك تارادەیەکی زۆر بەشوێنە جوگرافیەکەیەوە بەستراوەتەوە. تەنانەت کاتێك زێدەڕۆییش لەنەخشی فاکتەری جوگرافی لەهێزی دەولەتدا دەکرێ، جیۆپۆلەتیك ئەم فاکتەرە وەك یەکێ لە گرنگترین

فاکتەرەکانی هێزی دەوڵەت دەسەپێنێ. بەڵام لەبەرئەوەی بایەخی جیۆپۆلەتیکی هەر ناوچەیەك بەبێ دەستنیشانکردنی شوێنە جوگرافیەکەی دەرناکەوێ، بایەخدان بەدەستنیشانکردنی شوێنی جوگرافی بەپێی خەتەکانی پانیو درێژی، گرنگی خۆی دەبێ.

لەڕوی جوگرافیەوە، کوردستان کەوتۆتە ئاسیای رۆژئاواو بەشێکی ئەو ناوچەیە پێکدێنێ کەپێی دەوترێ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەبەر تەمومژاویی سنورەکەی، کۆسپ دێتە بەر رێی دیاریکردنی شوێنەکەی بەپێی خەتەکانی پانیو درێژی. لەکاتێکدا دکتۆر قاسملو لەو بڕوایەدایە کەکوردستان دەکەوێتە نێوان دوخەتی درێژیی ٣٠-٤٠ رۆژهەڵاتو ٣٧-٣٨ رۆژئاوا، ئەنسکلۆپیدیای مەزنی سۆڤێتو فەرهەنگی جیهان وای بۆ دەچن کەکوردستان دەکەوێتە نێوان دوخەتی درێژی ٣٤-٣٩ رۆژهەڵاتو ٣٧-٤٦ رۆژئاوا. بەشێوەیەکی گشتی، لایەنەکان لەسەر ئەم مەسەلەیە یەکدەنگ نین.

درێژبونەوەی کوردستان ئەوەندەی بەباری درێژییە ئەوەندە بەباری پانی نیە. درێژیی کوردستان لەباکورەوە تا باشور بەمەزندەی د. قاسملو ١٠٠٠ کیلۆمەتر دەبێ. کەچی فەرهەنگی جیهان کەسالّی ١٨٩٦ لەئەستەمبوڵ بلاّوکراوەتەوە، وای بۆ دەچێ کەدرێژیی کوردستان دەگاتە ٩٠٠ کیلۆمەتر. نێوەنجی پانیش بەمەزەندەی د. قاسملو، لەباشوردا دەگاتە ٢٠٠ کیلۆمەترو چەند بەرەو سەرەوە هەڵکشێین فراوانتر دەبێ تا دەگاتە ٧٥٠ کیلۆمەتر. بەڵام سەرچاوەکانی تر هەمان بۆچونیان نیەو تەقدیراتێکی کەمتر بۆ پانیی کوردستان دادەنێن. بەبڕوای ئەنسکلۆپیدیای بریتانی پانیی کوردستان دەگاتە ١٥٠ میل کەچی فەرهەنگی جیهان پانیەکەی بە ١٠٠-٢٠٠ کیلۆمەتر دادەنێ.

درێژبونەوە بەباری درێژی چەند ناوچەیەك پێکدێنێ کە لەڕوی پلەی گەرمیەوە جیاوازن. ئەوە بەڵگەیە کەزستانان لەباکوری کوردستاندا پلەی گەرمی دادەبەزێتە ٣٠-٣٥

پله لەژێر سفردا کەچی هاوینان لەباشوردا دەگاتە ٣٠-٤٠ لەکرماشانو ٤٠-٤٥ لەخانەقین.

ئەم جیاوازییەی پلەی گەرمی، هەلومەرجێکی گونجاو بۆ پەیدابونی ئاووهەوای جۆراوجۆرو بەرهەمی کشتوکاڵی هەمەچەشن دەڕەخسێنێ. بەبێ ئاووهەوای جۆراوجۆر بەبێ بەرهەمی هەمەچەشن ئەستەمە دەوڵەت بگاتە قۆناغی خۆبژێوی. ئەگەر یەکێ لەفاکتەرەکانی هێزی دەوڵەت توانای دەستەبەرکردنی ئەمنی خۆراك بێ، ئاووهەوای جۆراوجۆر کەرەستەی پێویستی خواردن، لانی کەم کەرەستە ریشەییەکان، بۆ کوردستان دابین دەکا.

مەسەلەی دیاریکردنی سنور مەسەلەیەکی یەکجار سەختە. سەختیی ئەم مەسەلەیە گیروگرفتێکی تر دەنێتەوە کەپەیوەندیی بەروپێوەوە هەیە چونکە بەبێ دیاریکردنی سنور، روپێو دیاری ناکرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ زانیاری لەم بارەیەوە هەیە. د. قاسملو وای لێکدەداتەوە کەروپێوی کوردستان دەگاتە ٤٠٩,٦٥٠ کم٢، ئەم

روپێوەش لەسەرجەمی روپێوی بریتانیە، هۆڵەند، بەلژیك، سویسرەو دانیمارك فراوانترە. ساڵی ١٩٤٩ سەنتەری لێکۆڵینەوەی کوردی لەپاریس لەنەخشەیەکی جوگرافیدا کەبۆ کوردستانی کێشا بو، روپێوی کوردستانی گەیاندبوە زیاتر لە ٥٠٠,٠٠٠ کلم٢، لەو نەخشەیەدا کوردستان سەرانسەری ئەو ناوچەیەی گرتۆتەوە کە لەکەنداوی فارسەوە تا ترۆپکی چیای ئەرارات‌و لەوێوە تاسەر دەریای ناوەڕاست درێژبۆتەوە.

بەگشتی، پایەی دەوڵەت دەوەستێتە سەر دو بنچینەی سەرەکی کەبریتین لەروپێوو دانیشتوان. ئەگەر چی ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی رەها نیە بەڵام لەڕوی جیۆپۆلەتیکییەوە گرنگییەکی زۆری هەیە. لەدەستەبەرکردنی ئاسایشی دەوڵەتدا، روپێو بایەخێکی زۆری هەیە. ئەگەر سروشتی شاخاویش بچێتە پاڵ ئەم روپێوە، کوردستان وەك ولاتێك دێتە بەرچاو کە لەپاشەڕۆژدا لەڕوی بەرگری‌و خۆپاراستنەوە دەسڕۆ دەبێ.

روپێوێکی ٤٠٠,٠٠٠ کیلۆمەتری، یەکێ لەتوخمەکانی هێزی ئەو دەوڵەتە پێکدێنێ کە لەسەر ئەو روپێوە دادەمەزرێ بەتایبەتی کەفاکتەری روپێو تارادەیەکی زۆر، توانای ماددیی دەوڵەت دیاری دەکا.

* * * *

کوردستان وڵاتێکی کیشوەریی داخراوەو نارِوانێتە سەر هیچ دەریایەك. ئەمەش یەکێکە لەلایەنە خراپەکانی شوێنەکەی. راستییە جوگرافیەکان لەگەڵ هەستی جۆش سەندوی نەتەوەییدا رێکناکەون چونکە ئەو هەستە وای لەهەندێ کردوە سنوری کوردستان لەباشوردا بگەیەنن سەر کەنداوی فارسو لەرۆژئاوادا بیبەنەسەر کەنداوی ئەسکەندەرون، هیچ بەڵگەیەکی میژوویی، پشتیوانی لەبردنی سنور تاسەر دەریا ناکا.

پەیوەندیی کوردستانی کیشوەری لەگەڵ دنیای هەندەراندا، دراوسێکانی لێ دەرچێ کەزۆربەیان دەرِوانە سەر دەریا، پەیوەندییەکی نارِاستەوخۆیە. ئەمەش وا لەکوردستان دەکا هەمیشە سیاسەتی دۆستایەتی کردنی دراوسێ دەریاییەکانی بگرێتەسەر.

٢- جیۆستراتیجی کوردستان*

مەسەلەی یەکپارچەکردنی کوردستان، لەبەرئەوەی هێشتا نەهاتۆتەدی، وەك مەسەلەیەکی تیۆری دەمێنێتەوە، لەمەسەلەی یەکپارچەکردندا ئەوەندەی بەرژەوەندی دەورو تەئسیری هەیە، ئەوەندە هەوەس‌و ئارەزو دەورو تەئسیری نیە. دیارە کوردستانی بەربلاّوو شاخاوی هێشتا لەیەك کەیانی سیاسیدا یەکی نەگرتۆتەوە، ئایندەی کوردستان بەزەبری

* ئەم بەشە لە ژمارەی رۆژی ١٩٩٣/٢/١٧ رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دا بلاّوکرایەوە.

فاکتەرە ئابوریو جیۆستراتیجییەکان دەنوسرێ نەک بەهەوەس و ئارەزو.

مەسەلەی یەککگرتن، لەچوارچێوە ریالیستییەکەیدا، تەنها بەسەردەرکردن لەفاکتەرە جیۆستراتیجییەکان رون دەبێتەوە. لەڕوی جوگرافیەوە کوردستان شوێنێکی وای داگیرکردوە کەدەشتەکانی میسۆپۆتامیا، بانی سوریا، ئەنادۆلی ناوەڕاست. ئەرمەنستانو ناوچە شاخاوییەکەی ئێران لێک دادەبڕێ. ئەم شوێنە لەڕوانگەی فاکتەرە جیۆستراتیجییەکانەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئەم شوێنە جوگرافیە، کوردستان دەخاتە ژێر تەئسیری سێکایەی جیۆستراتیجییەوە کەهەرسێکیان دەرهاوێشتەی پرۆسەیەکی مێژویی- سیاسێو رەوتە سیاسیە- ئابورییەکەی پاشەڕۆژی و جۆری پەیوەندیی لەگەڵ دراوسێکانیداو هەڵوێستی لەتێکڕای رژێمی جیهانی دادەڕێژن.

سێ کایەکە بریتین لە:

١-کایەی ئاریایی کەوەک دێرینترین کایە کاردەکاتە سەر شوێنی کوردستان. کورد بەرەگەز دەچێتەوە سەر خێڵەکانی زاگرۆس و ئەو خێڵە هیندۆ- ئەوروپاییانەی دو هەزار ساڵ پێش زایین لەناوچەکەدا نیشتەجێ بون. ئەگەر کورد بەنەوەی میدییەکان دانێین، هەروەک مینۆرسکی لەتیۆرییەکەیدا بۆی دەچێ، دەردەکەوێ کەکورد لەساڵی ٥٥٠ی پێش زایینەوە کەوتۆتە ژێر رکێفی فارسەکان و تەئسیرە کەلتوریەکەیان. هەست بەئاری بونو لێکچونی تۆرەمەی زمانو کەلتور هەمیشە کوردستانی بەرەو ئارییەکان بردوە بەتایبەتی فارسەکان کەبە درێژایی دو هەزار ساڵ کەڵەگای بانی ئێران بونو کاریگەرانە کاریان کردۆتەسەر کەلتوری گەلە ئارییەکانی تر. دەرکەوتنی فارس وەک هێزێکی سیاسی بوە هۆی پتەوکردنی نەخشی فارس وەک گرنگترین رێبەری گەلانی ئاری نژاد لەرۆژئاوای هندستاندا.

تەئسیری کەلتوری فارس لەرۆژهەلاتی کوردستاندا زۆر بەهێز دێتە بەرچاو. ئەو تەئسیرە چەند بەرەو باشور، بەرەو کرماشانو ئیلام داکێشێین زیاتر دەبێ. لەوێ تەئسیری مەزهەبیش کەفارسە شیعەکانو کەلهورە شیعەکان لێک نزیک دەکاتەوە، دەچێتە پاڵ تەئسیری کەلتوریی. دور هەڵکەوتنی هەرێمی باشور، نەبونی پەیوەندییەکی ئابوریو کۆمەلایەتی پتەو لەگەڵ هەرێمەکانی تردا ئەم تەئسیرەی سەقامگیرتر کردوە.

پانوپۆڕیی جوگرافییایی کەیەکێکە لەکۆڵەکە سەرەکیەکانی هێزی دەوڵەت، لەنمونەی کوردستاندا بۆتە فاکتەرێکی بێهێزی، چونکە تائێستا هیچ دەوڵەتێکی یەککگرتوی واپێك نەهاتوە کەهەموو هەرێمە شاخاوییەکان بگرێتەوە. جوگرافیای سروشتی (چیای سەخت، روباری هاوتەریبو هی تر)، ئاووهەوای دژوارو ئابوریی خۆبژێو (ئیکتفای زاتی) پەیوەندی کۆمەلایەتییان لەکوردستان دا لاواز کردو بونەتە هۆی پەیدابونی چەند هەرێمێکی لێک

دابڕاوی خاوەن ئابوریو پەیوەندیی کۆمەلایەتیو مەزهەبو دیالێکتی تایبەت. شکستی کورد لەیەکپارچەکردنی هەمو ئەو هەرێمە لێك دابڕاوانە گیانی سەربەخۆیی و گۆشەگیریی لەهەرێمەکاندا پتەوتر کرد. بەمجۆرە، لوڕ کە لەسەدە ناوەڕاستەکاندا بەشێکی کوردیان پێکدەهێنا، لەکورد دابڕانو خۆیان لەبەفارس بون پاراستو لەسۆنگەی ئەمەوە، ئەمڕۆ گروپێکی ئتنیکیی جیاواز پێکدێنن. بەڵام شوێنە جوگرافیەکەیان کەکەوتۆتە نێوان دو گەلی دێرینی ئارینژاد، کورد و فارس، بەتوندی بەرەو کایەی ئاریاییان دەبا.

هەردو هەرێمی کرماشانو ئیلام (باشور) ناوچەی راکێشانن لەدەرەوە، بەرەو کایەی ئاریایی، بەرەو ئێران، ناوچەکانی سەروی کرماشانیش ناوچەی راکێشانن بەرەو دەرەوە، بەرەو هەمان کایە، بەڵام نەك بەهەمان تینوتوان.

٢- کایەی ئیسلامی کەتێیدا دو هێزی راکێشان بەرەو دەرەوە تێك هەڵکێشێ یەکتری دەبن. یەکێکیان کوردستان بەرەو رۆژهەڵات، بەرەو ئێران دەباو ئەوی تریان بەرەو باشورو رۆژئاوا، بەرەو عەرەبستان. دوبارە بونەوەی هێزی راکێشان بەرەو دەرەوە، رووە رۆژهەڵات، بەڵام ئەجارەیان بەجلوبەرگی دین نەك نژاد، کاریگەریی کایەی ئاریایی پتەوتر دەکا.

کورد لەسەدەی حەوتەمدا، پاش روخانی ساسانیەکان، وەرچەرخایە سەر ئەو دینەی کە عەرەبەکان لەگەڵ خۆیاندا هێنایان. ئیسلام، فەلەتیو دینی زەردەشتی رامالّیو بوە دینی زۆربەی خەڵکی کوردستان.

تەئسیری دین لەناوچە شاخاویەکان تاناوچە دەشتاییەکان قوڵتر. گۆشەگیریو دابڕانی ناوچە شاخاویەکان ناوچەگەرێتی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانو خۆگرێ نەدان بەدنیای دەرەوە، لەگرنگترین ئەو فاکتەرانەن

کەدەسەڵاتی دین بەسەر ناوچە شاخاویەکاندا سەقامگیر دەکا. کایەی ئیسلامی داشکاندنی کورد بەڵای ئێرانییەکاندا یا بەڵای عەرەبەکاندا یابەڵای دامەزراندنی کۆنفدراسیۆنێکی ئیسلامیدا کەکوردستانیش دەگرێتەوە، دەچەسپێنێ. کایەکە هەوڵدەدا کوردستان بەدنیای ئیسلامەوە ببەستێتەوەو ڕێ لەتەرەبونی بگرێ.

دیارە کایەکە مانەوەی کوردستان لەچوارچێوەی ئێراندا یا لەچوارچێوەی عیراقدا دەکاتە ئامانجو هیچ گوێ ناداتە ئەو گرفتە ڕەگەزییانەی لەئەنجامی ئەم کارەدا رو دەدەن. کوردستان ناتوانێ نکۆڵی لەو راستییە بکا کە بێجگەلە چەند کیلۆمەترێك لەسەر سنوری ئەرمەنستانی فەلەدا، لەهەمو لایەکەوە بەدراوسێی بەدین موسڵمان دەورە دراوەو خۆیشی بەشێکی دنیای ئیسلام پێکدێنێ. هەندێ گروپی سیاسیو توێژی کۆمەڵایەتی لەو بڕوایەدان کەجیاکردنەوەی کوردستان لەدەوربەرە ئیسلامیەکەی، بەرۆژئاوای نا موسڵمانەوەی گرێ دەدا. سادەترین نیشانەی سەردانەواندن

بـۆ تەئسـیری کایەکـە، خـۆی لەڕەتکردنـەوەی روخسـارە روکەشـەکانی سـەربەخۆیی نەتەوەییـدا دەنوێنـێ، وەك بەگومـان کەوتن لەگۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی بەئـەلفوبێی لاتینی. لەبیستەکانی ئەم سەدەیەدا کورد لەئەنجامی هـۆی دینـی- نەتـەوەیی دا لەسـلێمانی لەگـەڵ ئینگلیزەکانـدا بەشەڕ هاتو بەگـژ کەمالیسـتەکاندا چـو کەخەلافـەتیان هەڵوەشاندبو. بێگومـان لەوسـاوە تائێسـتا هەلومەرجەکـە گۆڕانی بەسەرداهاتوە بەڵام تەئسیری دین هێشـتا بـەهێزە، ئەگەرچی بەئەندازەی جاران نابێ.

٣-کایـــەی ناوەڕاســـتی (Mediterranean) (ئەوروپایی) کەتێیدا خەتەکانی پەیوەندیی دەوڵی بەشێوەی باکور- باشورو رۆژهەڵات - رۆژئاوا یەکتری دەبڕن. کایـەی ناوەڕاستی بەپشتیوانیی یەکەم: ئـابوریو دوەم: جوگرافیـا کوردستان بەلای خۆیدا رادەکێشێ. تەوژمی کایەکە تادێت بەهێزتر دەبێ.

کوردستان هیچ بەندەرێکی لەسەر دەریادا نیـەو سـنورە ئتنـۆ گرافیەکـەی تاسـەر لێـواری دەریـا درێـژ نابێتـەوە، ئەمەش وای لێ دەکا هەمیشـە پێویسـتی بەدراوسـێیەکی دەریـایی هـەبێ. بـەڵام لەهـەمان کاتـدا کوردسـتان سەرچـاوەیەکی گرنگـی وزەو کەرەسـتەی خـاوە. ئەمـەش گرنگیەکی ئێجگار زۆری هەیە. کوردستان وزەو کەرەستەی خاوی بەجۆرێکی واهەیە کەزیاد لەپێویستی خۆیەتی بەڵام هیچ کارگەو پیشەسازییەکی قورسی وای نیە کەئەم وزەیـە بەکاربێنێ. لەئەوروپا مەسەلەکە بەپێچەوانەوەیە. ئـەوروپا کارگەو پیشەسازی قورسی هەیە بەڵام زۆربەی هـەرە زۆری وزەو کەرەستەی خاوی پێویست لـەدەرەوەی کیشـوەر پەیـدا دەکا. لەبەرئەوە تەواو کردنـی کەموکوڕییـەکانی ئـابووریی یەکتری، شـەرعیەتێك بەپەیوەنـدیی نێـوان هـەردولا دەدا. بەڵام بەچ شێوەیەك کوردستانی نائەوروپایی بۆڵای ئـەوروپا رادەکێشرێ؟

مەسەلەی نا ئەوروپایی بونی کوردستان گیروگرفتێکی زۆر نانێتەوە. ئەگەر بشینێتەوە لەوەی تورکیای نیوە ئاسیایی نیوە ئەوروپاییو مەغریبی ئەفریقایی زیاتر نانێتەوە. ئەگەر لایەنێکی سێیەم هەبێ، فاکتەری جوگرافیاش هیچ کۆسپێك نانێتەوە. لەبەرئەوە، کوردستان لەرێگەی لایەنێکی سێیەمەوە، لایەنێك کەبۆ خۆی بەقازانجی دەبینێ لەنێوان کوردستانو ئەوروپادا ببێتە پرد، مەسەلەکە چارەسەر دەکا. بۆ کوردستان هیچ لایەنێك بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە لەتورکیا دەسڕۆتر نابێ. تورکیا لەبەر شوێنە جوگرافیەکەی، لەڕێگەی دەریای ناوەڕاستەوەو لەڕوی زەمینەوە بەهۆی بالکانەوە، راستەوخۆ پەیوەندیی لەگەڵ ئەوروپادا هەیە. بێ لەوە، ئەم هەم پێویستی بەوزەیە هەم بەدانەوێڵەو دەیەوێ نەخشێکی ریشەییتر لەناوچەکەدا بگێڕێ. بۆ کوردستان، بەبێ تورکیا گەیشتن بەدەریا ئاسان نابێ. بەمجۆرە پێدەچێ هاریکاری لەگەڵ تورکیا بۆهێنانو دەرچونی کالا مەسەلەیەکی زۆر گرنگ بێ.

خودی تورکیا مرخی لەوە خۆش کردوە کە لەئەوروپا وەربگیرێ. بەوەرگیرانی، رێ بۆ راکێشانی کوردستانو بەڕاکێشانی کوردستان رێ بۆ راکێشانی ئەرمەنستان خۆش دەبێ. چارەنوسی ئایندەی کوردستان لەسالانی داهاتودا، دەوەستێتە سەر ڕادەی بەردەوام بونی پەیوەندیی رێکوپێکی لەگەڵ تورکیا. لەبەرئەوەی خودی تورکیا کەوتۆتە ژێر تەئسیری بەهێزی کایەی جیۆستراتیجی دەریای ناوەڕاست، جۆرە پێکەوە سازانێك لەنێوانیاندا پەیدا دەبێ. چەند روپێوی هەرێمەکانی کوردستان بەربلاوو فراوان بێ، ئەوەندەش تورکیاو ئەوروپا زیاتر قازانج دەکەن.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، کایەی ناوەڕاستی- بەپێچەوانەی کایەی ئاریایی و ئیسلامییەوە کەفاکتەری ترازێنەرن- فاکتەرێکی یەکگرتن پێکدهێنێ، چونکە پاشکەوتوترین هەرێم بەلای پێشکەوتوترین ولاتانی دنیادا رادەکێشێ، هێزی راکێشان بەرەو دەرەوە- بەرەو ئەوروپا، کە کایەکە دەینوێنێ، رەنگێکی ئابوری- سیاسی لەخۆی

دەسوێ. تەنگ بەدو کایەکەی تر هەڵدەچنێو بەشێوەیەکی ریشەیی کاردەکاتە سەر رەوتی رووداوەکان لەناوچەکەدا. راکێشانی کوردستان بەلای ئەورووپادا لەگەوهەردا بەمانای راکێشانی نزیکترین گەلانی ئارینژاد لەئەورووپا دێو ئەرمەنیش کەدراوسێ زەبونو بێ دەسەلاتەکەی کوردن، هاندەدا هەمان رێ بگرنەبەر، ئەمە بێ لەوە بەو مانایەش دێ کەکوردستان لەدەوروبەرە رۆژهەلاتی یەکەی دادەپچڕێ. راکێشانی کوردستان یەکسانە بەڕاکێشانی تورکیا بەلای ئەورووپادا دابڕاندنی لەدەوروبەرە ئقلیمییەکەی.

تێو توانی فاکتەری ئابووریی کایەی ناوەڕاستی دەتوانێ هەر خۆڕاپسکاندنو هەوڵێکی یاخی بون سەرکوت بکا. قازانجە ئابوورییە سیاسیەکانی هەڵگەڕانەوە لەدەوروبەرێکی پاشکەوتو لەڕوی کۆمەلایەتیو تەکنیکو ئابوورییەوەو شکست خواردو لەسەقامگیرکردنی کۆڵەکەی رژێمی لیبرالی دیموکراتو بادانەوە بەلای جیهانێکی پێشکەوتو، لبرال، دیموکراتو بێ جیاوازیی نەتەوایەتیدا، فاکتەرێکە

کوردستان هاندەدا ئەم رێڕەوە بگرێتەبەر، ئاکامێك کە لەئەنجامی ئەم بادانەوەیەدا دێتەدی. هێزێکی بە توانای راکێشانە بەرەو دەرەوە، بەرەو ئەورووپا، لەبەرئەوەش کەتێکڕای هەرێمەکانی کوردستان. کەم تا زۆر، بەڕێژەی جیاجیا هەرێمی پاشکەوتون، فاکتەری پاشکەوتن کەهەمو هەرێمەکان لەدەوری خۆی کۆ دەکاتەوەو زوو تادرەنگ وا لەهەموو هەرێمەکان دەکا، بەڵام بەپلەی جیاجیا، سەر بۆهێزی کایەی ناوەڕاستی دانەوێنن.

لەسۆنگەی ئەمەوە، تورکیا بایەخێکی تاییەتی دەبێ چونکە یەکەم: خودی خۆی لەژێر تەئسیری ئەم کایە ناوەڕاستییە دایەو دوەم: خودی خۆی ئامادەیە، بۆ خزمەتکردنی ئابوریەکەیو بۆ ئافراندنی نەخشێکی نوێ بۆخۆی، کوردستان لەگەڵ خۆیدا راکێشێ.

بەڵام بۆ ئەوەی چاکتر سەر لەمەسەلەکە دەرکەین، نابێ تەنها لەم روانگەیەوە سەیری مەسەلەکە بکەین. ئەگەرچی کوردستان یەك ئقلیمی جوگرافی پێکدێنێ، بەڵام لەخودی

خۆیدا بەسەر سێ یەکەی ئقلیمیدا دابەش دەبێ کە هەریەکێکیان ریتمی ژیانی خۆی هەیەو خەڵکەکەی لەڕوی کۆمەڵایەتی، دیالێکت، کەلتوریو داب‌و نەریتەوە روخساری تایبەتی خۆی هەیە کەکەم تا زۆر لەهی روخسارە گشتیەکانی تێکڕای نەتەوەی کورد جیاوازە. ئەم سێیەکە ئقلیمیە بریتین لەباکور، ناوەڕاست‌و باشور.

باکور بەخەتێکی لار لەناوەڕاست جیادەبێتەوەو لەشنگارەوە تا لێواری خواروی گۆڵی ورمێ درێژ دەبێتەوە. ناوەڕاستیش بە خەتێکی ڕێك لەباکوری خانەقینەوە تا باکوری کرماشان لەباشور جیادەبێتەوە.

لەکاتێکدا زێی گەورە سنووڕێکی سروشتییە لەنێوان باکورو ناوەڕاستدا، هیچ لەمپەرێکی سروشتی باشور لەناوەڕاست جیا ناکاتەوە بەڵام لەنێوان باشورو ناوەڕاستدا ناوچەی هەورامان هەیە کە لەسنوری خۆیدا وەك پەوازێکی بچوك هەردو هەرێم لێك دادەبڕێ. باشور بێجگە لەئەو روخسارە کۆمەڵایەتی‌و دیالێکتی‌و کەلتوریە تایبەتەی

لەناوەڕاست‌و باکوری جیادەکاتەوە، لەڕوی مەزەبیشەوە جیایە. لەکاتێکدا مەزەبی سوننە بەگشتی لەناوەڕاست‌و باکوردا زاڵە، مەزەبی شیعە لەباشوردا دەسڕۆیە.

باکور ئەو هەرێمەیە کە لەڕوی ژمارەی دانیشتوان‌و روبەرەوە گرەوی لەهەردو هەرێمەکەی دی بردۆتەوە، بەڵام ئەو لەهەمان کاتدا هەژارترین‌و دواکەوتوترین هەرێم پێکدێنێ. لەبواری بازرگانیدا لەگەڵ تورکیا، زۆر دینامیکییە بەشی خوارەوەی لێ بترازێ کەپەیوەندییەکی ئابوریی پتەوی لەگەڵ موسڵ دا هەیەو کەلتوری عەرەبی-ئیسلامی تێیدا رمێنی هەیە، بۆ ٤٠٠ ساڵ دەچێ کەتێکڕای باکور لەژێر تەئسیری کەلتوری تورك دایە.

باشوریش ئاوێتەیەکی سەرسوڕهێنەری دەوڵەمەندیو نەداری پێکدێنێ. لەکاتێکدا نەوت سامانێکی زۆر بەدەستەوە دەدا، ئابورییەکی کشتوکاڵیی دواکەوتو بەسەر هەرێمەکەدا زاڵە.

لادێ نشینەکان لەژیانێکی کولەمەرگیدا دەژینو نەخوێندەواری بەشێوەیەکی ترسناك باڵی بەسەریاندا کێشاوە، ناوچەی خانەقینی لێ بترازێ، باشور بەشداریەکی کاریگەرانەی لەژیانی سیاسیدا نەبوەو پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیو ئابوریی ئەوتۆی لەگەڵ ناوەڕاستدا نەبوە، بێ لەهەموو ئەمانە، باشور ئەوەندەی بەلای رۆژهەڵاتدا، بەلای هاومەزهبەکانی خۆیدا دادەشکێنێ، ئەوەندە بەلای ناوەڕاستدا، بەلای هاورەگەزەکانیدا داناشکێنێ. ئەم دولایەنییە، دولایەنی لەمەزهەبو رەگەزدا، هاومەزهبی لەگەڵ فارس داو هاورەگەزی لەگەڵ کورددا، لەگەڵ پەیوەندییەکی شێواوو بێ سەروبەر لەگەڵ لوڕەکانداو

سەردانەواندنێکی تەواو بۆ ئاریاچێتی‌و پێ نەگەیشتنی هەستی نەتەوایەتی بەپێی پێویست هەروا گەلاڵە نەبونی هۆشیاریی کۆمەلایەتی لەناو کۆمەڵی باشوردا، هەموو ئەمانە باشور، بەشێوەیەکی کاتی بەلاّم تاماوەیەکی زۆر لەناوەڕاست دادەبڕن. باشور تائێستا تاقەتی نیە بپرسێ: من کێم؟ ئەمەش وای لێدەکا لەپەیوەندی دامەزراندن دا لەگەڵ ناوەڕاستدا خاوو خلیچك وسست بێ. دیارە باشور بەشێوەیەکی گشتی لەژێر تەئسیرێکی کۆمەلایەتی وا دایە کەلەڕوی مەزەبی، میژویی، کەلتوری‌و ئابورییەوە بەرەو ئێرانی دەبا. ئەم تەئسیرە ئەوەندە گەرم‌و گوڕە کەئەستەمە باشور، لەم هەلومەرجەی ئێستادا یا لە داهاتویەکی نزیکدا، پێیدابچێتەوە. بەلاّم دیارە ئەم تەئسیرە وەك دیاردە قابیلی گۆڕانە بەلاّم بەشێنەیی. چارەنوسی یەکلایی کەرەوەی باشور پەیوەندیی بەگۆڕانکاریی سیاسیەکانی ناوەڕاستەوە هەیە. هەر سەرکەوتنێکی سیاسی کەناوەڕاست بەدەستی دێنێ. بەرە بەرە کاردەکاتە سەر ژیانی سیاسی‌و

هۆشیاریی کۆمەلایەتیی باشور، بەلاّم کارکردنە سەر باشور تەنها لایەنێکی سیاسیی نیە. دیارە لەم مەسەلەیەدا، وەك گەلەك مەسەلەی تر، فاکتەری ئابوری لەفاکتەری سیاسی جیا ناکرێتەوە.

هەرێمی ناوەڕاست باشورو باکور پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەو شوێنە جوگرافیەی ناوەڕاست هەیەتی، گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ناوەڕاست بەدەولّەمەندترین هەرێم دەژمێردرێ‌و بێ لەوەی کەگرانترین‌و بەهاترین چالّگەی پەترۆلی تێدایە، ژمارەیەکی زۆر کانزای ستراتیجی هەیە کەدەرهێنانیان بزاوتێکی پیشەسازیی بازرگانیی مەزن پێکدێنێ. ئەو پیشەسازییە سوکانەی ناوەڕاست هەیەتی زەمینەیەکی باش بۆ گەشەکردنی پیشەسازی ساز دەکەن.

بێ لەوە، هۆیەکی تر هەیە کەگرنگیەکی ئابوریی فراوان بەناوەڕاست دەدا، ئەویش ئەوەیە کەدەشتەکانی ناوەڕاست زیاد لەپێویستی خۆیان دانەوێلّە بەرهەم دێنن. ناوەڕاست لەئەنجامی هەلومەرجە سیاسیەکەیدا، ماوەیەکی

دورودرێژە بۆتـە ناوەنـدی جوڵانـەوەی نەتەوایـەتی. یەکـەم شانشینی کورد لەسەدەی بیستەمدا لەسـەر دەسـتی شـێخ مـەحمود لەسلێمانی دامەزراو لەمەهابادا یەکـەم کۆمـاری ئۆتۆنۆم لەسەر دەسـتی قـازی محەمـەد. ئێسـتاش کـوردی دهـۆك، هـەولێرو سـلێمانی لەرێگـەی حکومـەتێکی ئقلیمییەوە کارو باری خۆیـان هەڵدەسـورێنن. هەڵبـژاردنی ١٩-٥-١٩٩٢ پەرلەمانێکی پێك هێنا کەبڕیاری لەسەر دامەزراندنی ئقلیمێکی فدرال بۆ کورددا. ئێستا ناوەڕاسـت چەقی قورسایی سیاسیی جوڵانەوەی کورد پێکدێنێ. بـێ لـەوە، فاکتـەری کۆمەڵایـەتی لەناوەڕاسـتدا فاکتـەرێکی بەتـەوژمو زینـدوە. ئـەوە بۆخـۆی بەڵگەیـە کەرێـژەی نەخوێندەواری لەناوەڕاستدا لەهەمو بەشەکانی تر نـزمترەو هۆشـیاریی سیاسـی لەوپـەڕی گەشـەکردندایە. جـۆرە سـەربەخۆییەکی کـەلتوریش لەئـەنجامی پەرەسـەندنی هەسـتی نەتـەوەییو بـاڵایی ئاسـتی کەلتوریـدا هەیـە. سەرچـاوەی وێـژەیی هێـزی ئـەم هەرێمـە بـۆ کـەلتورە

نەتەوەییەکەی دەگەڕێتەوە. لەکاتێکدا زمـانی تورکی بەسەر باکوردا زاڵـەو فارسـی بەسـەر باشـوردا، زمـانی کـوردی بەتەواوی بەسەر ناوەڕاستدا زاڵە. ئەگەر بەشی رۆژهـەڵاتی هەرێمی ناوەڕاستی لێ بترازێ، کە بەپێی بارودۆخ، کـەم تـا زۆر ملکەچـی کـەلتوری ئاریاییـە، بنچـینەی کـەلتوریی سەربەخۆیی نەتەوەیی لەناوەڕاستدا بەدی دەکرێ. ناوەڕاست لەبەر شوێنە جوگرافیەکەیو لەئەنجامی پەرەسەندنی بزاڤە سیاسیەکەیو گەشەکردنی هۆشیارییە کۆمەڵایەتیەکەیدا، هـەروا لەئـەنجامی هێـزی ئابوریـدا، بنچـینەی بابـەتیی شەرعیەتێك پێکدێنێ کەدەیکاتە سەنتەری هێـزی هـەمو کوردستان، جوڵانەوەیەك کەئەمرۆ لەم سەنتەرەدا هەیە یـا لەپاشەڕۆژدا پەیـدا دەبـێ، چارەنوسـی هـەمو کوردسـتان دادەڕێژێتـەوە، ئەگەرچـی ئێسـتا ناوەڕاسـت وەك هـەمو بەشەکانیتر، لـەڕوی سیاسـیەوە یـەك پارچـە پێکنـاهێنی بەڵکو بەسـەر رۆژهـەڵاتو رۆژئـاوادا دابـەش بـوە، بـەڵام لێکدانی هەردو لەت لەپاشـەڕۆژدا کـارێکی دژوار نابـێ.

ئەگەرچی جیاوازییەکی زۆر لەنێوان رۆژهەلاتی پاشکەوتوی هەژارو رۆژئاوای پێشکەوتوی دەوڵەمەندا هەیە، بەڵام پەرەسەندنی پەیوەندیی ئابوری کۆمەڵایەتیی نێوان هەردو لەت بەدرێژایی سااڵنی رابردو زەمینەیەکی لەبار بۆ تێکهەڵکێش بونیان- سەرەڕای جیاوازیی کەلتووریان- ساز دەکا.

لەم کاتەدا لەتی رۆژئاوای هەرێمی ناوەڕاست گرنگترین بەش لەسەنتەری هێز پێکدێنێ. دیارە ئێستا لەتی رۆژئاوا تەنها خواروی زێی گەورە ناگرێتەوە بەڵکو، خۆشبەختانە، پەلی هاوێشتوتە باکور و تا سەرسنوری عیراق- تورکیا درێژبۆتەوە. ئەم لەتە فاکتەری گرێدەرو راکێشەری پارچەکانی تر پێکدێنێ. دیارە دهۆك و زاخۆ کە لەڕوی سیاسیەوە درێژەپێدانی کەیانە سیاسیەکەی لەتی رۆژئاوان، لەڕوی کرداریەکییەوە بونەتە هێزی راکێشەری باکور بۆ ناوەند. لەسەرێکی تردوە لەتی رۆژئاوا وەك چۆن لەتی رۆژهەلاتی قولاییەکی ستراتیجی بوە. خودی لەتی رۆژهەلات

فاکتەرێکی راکێشەری باشور پێکدێنێ. بێ لەوە لەتی رۆژئاوا بۆلەتی رۆژئاوای باشور (خانەقین) بەفاکتەرێکی راکێشەر دەژمێردرێ، لەکاتێکدا هەورامانی رۆژئاوا کە سەربەلەتی رۆژئاوای ناوەڕاستە بەفاکتەرێکی راکێشەری هەورامانی رۆژهەلاتی دەژمێردرێ. خودی لەتی رۆژهەلات تەنانەت لەم بارەی ئێستاشیدا فاکتەرێکی راکێشەری خێڵەکانی هەرکیو شکاکە کەناوچەی نیشتەجێ بونیان لەرۆژهەلاتی دەریاچەی ورمێوە بەدرێژایی سنوری ئێران- تورکیا تا سەر سنوری ئەرمەنستان درێژ دەبێتەوە.

ئەو خێڵانە لەمێژە لەگەڵ درواسێ ئازەرەکانیاندا لەململانێ دانو ترسیان لەزاڵبونی ئازەر بەسەریاندا هانیان دەدا پەیوەندی لەگەڵ کوردی ئەودیوی سنورو سنەو مەهابادا نەپچڕێنن.

هەمو ئەمانە ئەنجامێکی دیاریکراو بەدەستەوە دەدەن: هەرێمی ناوەڕاست نەخشی هێزی راکێشان بۆ ناوەند دەگێڕێو خۆیشی لەژێر تەئسیری کایەی ناوەڕاستی دایە.

٣- فاکتەرەکانی هێز

هـــەر دەوڵـــەتێك کـــە لەکوردســـتاندا دادەمـــەزرێ، دەوڵەتێکی داخراوی کیشوەری دەبێ. پێویستە لەســەر ئــەو دەوڵەتەش چارێك بۆ ئەو گیروگرفتە ئاڵۆزانــەی بدۆزێتــەوە کەفاکتەرە مێژوویی‌و جوگرافیەکان ئاڵۆزتری دەکەن. ئەگەر فاکتەرە جوگرافیەکان بەئمونە وەرگرین، دەبینین کوردســتان کەوتۆتە نێوان سێ گەلی بەهێز (عەرەب، فارس‌و تــورك)و دو گەلی بێ دەرەتان (ئەرمەن‌و ئازەر)و گروپێکی ئتنیکی لــەقاڵب نەمــەییو (لــوڕ). ئەگەرچــی ئــەم شــوێنە پشــت بەسنورێکی شاخاوی دەبەستێ‌و دانیشتوانەکەی، ســەرەڕای بــونی کەمینــەی رەگــەزیی وەك عــەرەب، تــورك، ئــازەرو ئاشــوری، کۆمــەڵێکی هاوزمــان‌و هاوڕەگــەزی چــونیەك پێکدێنن، بەڵام ئەمە بە تەنها ئاسایش‌و ئارامی دابین ناکا.

کوردســتان لەبەرئــەوەی وڵاتێکــی کیشــوەرییە، زۆر پێویســتی بــەو دراوســێیانەیە کــە دەڕواننــە ســەر دەریــا.

ئەمــەش وای لێــدەکا هەمیشــە لــەژێر تەئسیری گــزی‌و فڕوفێڵی ئەوان دابێ.

بەڵام ئەمــە ئــەوە ناشــارێتەوە کــە کوردســتان هەنــدێ فاکتەری هێزی تێدا بەدی دەکرێ. دیارە لێرەدا دەبــێ واژەی ((هێز)) بەوردی بەکاربهێنرێ. ئایا نیشانەکانی هێز چــین. هێز، بەشێوەیەکی گشتی، واژەیەکــە یەکســانە بــەتوانای دەوڵــەت. بــونی دەوڵــەت ئــەوە دەســەلێنێ کــەبڕێکی دیــاریکراوی رێکخســتنی سیاســی- ئــابوری لەئارادایــە. شتێکی بەڵگەنەویستە کەئەم بڕە دیاریکراوەی رێکخستنی سیاســی- ئــابوری، لەدەوڵەتێکــەوە تــا دەوڵــەتێکی دی جیــاوازە، دیــارە واژەی هێــز واژەیــەکی گشــتی، فــراوان‌و هەمەچەشنەو تەنها لایەنی سوپایی ناگرێتەوە.

ئەگەر بەخۆوە نازینی نەتەوەیی بخەینە لاوەو بابەتیانە بۆ مەسەلەکە بچین، دەردەکەوێ کەئەستەمە بێ بۆ پەیدابونی دەوڵــەتێکی ســوپایی بــەهێز لەکوردســتاندا بچــێ. پێداویستییەکانی پەیــدابونی هێــزی ســوپایی لەبەرچــەند

هۆیەك کەگرنگترینیان پەیوەندیی بەشوێنی داخراوی کوردستانەوە هەیە. لەکوردستاندا بەدی ناکرێن. لەچاکترین باردا، کوردستان لەڕوی سوپاییەوە لەهەندێ دەوڵەتی ئاسیایی دێرینی وەك ئەفغانستانو مەنگۆلیا بەهێزتر نابێ.

ئەستەمە دەوڵەتە کیشوەرییەکان لەڕوی سوپاییەوە بەهێزبن. درواسێ بونی دو دەوڵەتی بەهێز کەیەکێکیان کیشوەری بێو ئەوی تریان دەریایی، جێگیربونی ئاشتیو ئاسایش لەناوچەکەدا دژوار دەکا. بۆچونێکی گشتی وابۆ مەسەلەکە دەچێ کە ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتێکی کیشوەریی بەهێزدا کارێکی ئاسان نیە. دەوڵەتێکی کیشوەری بەهێزی خاوەن دراوسێی دەریایی لاوازو بێهێز، وردە وردە ئەو بۆچونە گەڵاڵە دەکا کەپێویستە کەڵك لەهێزی خۆی وەرگرێ، درواسێ لاوازەکانی رامالێو بگاتە سەر دەریا. لێرەدا ئەو دەوڵەتە کیشوەرییە تەنگ بەئاشتی هەڵدەچنێو تا نەگاتە سەر دەریا ناسرەوێ.

بەڵام کاتێك دراوسێ دەریاییەکانی بەهێزو دەسەڵاتدار دەبن. ئەو دەوڵەتە ناچار دەبێ خۆی گرمۆڵە بکاو بیری بەکارهێنانی هێز بۆ گەیشتن بەدەریا لەمێشکی خۆی دەربێنێ.

رەنگە کوردستانی داخراو هەوڵی خۆ بەهێزکردن بدا بەڵام بێگومان لەدراوسێکانی بەهێزتر نابێ. هەوڵدان بۆ خۆ بەهێز کردن رادەی ویستە. بەڵام هیچ شتێك گرەنتی ئەوە نادا کەئەم ویستە سەردەگرێ. ئەوی راستی بێ کوردستان دەتوانێ هێز بەدەست بێنێ بەڵام نەك لەبواری هێرشو پەلاماردا بەڵکو لەبواری بەرگریو خۆڕاگریدا چونکە تۆپۆگرافیاو خاكو رێگاوبانە سەختەکەی، هێزێکی بەرگریی فراوانی وای بۆ دابین دەکەن کەپەکی هەر هێزێکی تەقلیدی دەخا. بێ لەوە، روبەری فراوان قولاییەکی ستراتیجی مەزنی دەداتێو دوژمن دەخاتە تەنگانەوە.

سروشتی شاخاوی، خاسیەتێکی نمونەیی قولایی ستراتیجییە. هەر شوێنێك کەدوژمن داگیری دەکا،

ناوچەیەکی سەختی بە تەنیشتەوەیە کە بەقولاّیی ستراتیجی ئەو دەژمێردرێ. دەشتەکانی لێ بترازێ کەئەستەمە ئاسان پارێزگارییان لێ بکرێ بەتایبەتی ئەگەر دوژمن هێرشێکی بەربلاّوو بە پشتیوانی فڕۆکە بکا، کشانەوەی تاکتیکی رووبەرووی چیاکان مەسەلەیەکی زۆر پێویست دەبێ. هەر کشانەوەیەك لەدەشتەوە بەرەو چیا، هەرچەند لەڕووی ویژەییەوە شەرمەزاریو نەنگی پێوەیە، بەلاّم لەڕووی سوپاییەوە لەبارترین کار دەبێ چونکە بەبێ ئەم کشانەوە تاکتیکییە هیچ هیوایەك بە دەرپەڕاندنی دوژمن لەخاکی داگیرکراو نامێنێ.

لەوڵاتێکی کیشوەریی وەك کوردستاندا، زەحمەتە ستراتیجێکی سوپایی هێرشبەرانە پیادەبکرێ. پێویستە لەسەر دەوڵەت ستراتیجێکی بەرگریکەرانەی واپیادە بکا کەتاکتیکی کشانەوە لەدەشتەوە بەرەو چیای سەخت لەبەرچاوبگرێ. بەمجۆرە، کوردستان لەبەرگریکردندا بەهێز دەبێو لەهێرشدا لاواز. بەرگریکردن پرۆسەیەکی ناوخۆییە

بەلاّم. هێرش پرۆسەیەکی دەرەکییە. لەبەرئەوەی ئەمنی قەومی کوردستان تا لەچوارچێوە کیشوەرییەکەیدا بێ، مسۆگەرو دەستەبەر دەبێ.

هەر ئاشتی یەکی راستەقینە تەنها بەری پارسەنگی هێز دەبێ بەلاّم مەرج نیە ئەم پارسەنگە لەسەر بناغەی هێزی سوپاییدا دامەزرابێ. مادام کوردستان لەڕوی سوپاییەوە لەدراوسێکانی بەهێزتر نابێ. دەبێ ئەمنی قەومی خۆی لەسەر بناغەی ستراتیجێکی وادارێژێ کەخۆی لەچونە ناو خاکی دوژمن بپارێزێو زیاتر پشت بەقولاّییە ستراتیجییە کیشوەرییەکەی ببەستێ.

ئەگەر ئامانجی جەنگ شکاندنی دوژمن بێ، ئامانجی ئاشتی هێمنیو ئارامییە. تا کوردستان بەدراوسێی بەهێز دەورە درابێ. ناچارە ویستو ئارەزوویان لەبەرچاو بگرێ ئەگینا ئارامی سیاسیی دەشڵەژێ. شتێکی بەلّگەنەویستیشە کەکوردستان حەز دەکا دراوسێ بەهێزەکانی، هێزی ئقلیمی خۆیان بدۆڕێننو دوچاری

گیروگرفتو گێرمەو کێشەو نەهامەتی بن. ئەگەر بشتوانێ، لەقازانجیدایە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشتیوانی لەو فاکتەرانە بکا کەمایەی دارمان یا پارچە پارچەبونی دراوسێکانی دەبن، بەڵام ئەم مەسەلەیە مەترسییەکی زۆریشی تێدایەو رەنگە بۆ کوردستان ئەنجامی خراپی هەبێ.

گرەو لەسەر دامەزراندنی کوردستانێکی بەهێز لەڕوی سوپاییەوە گرەوێکی دۆڕاوە چونکە ئەم کارە یەکەم دراوسێکانی دەوروژێنێو دوەم ناوچەکە بەرەو ململانێی تازە دەبا. بەمجۆرە، پێویستە لەسەر کوردستان چاوپۆشی لەئارەزوی بەدەستهێنانی هێزی سوپایی بکاو دەبێ رژێمە سیاسییەکەی لەئایندەدا نەرمییەکی وانیشان بدا کەبەردەوامبونی کوردستانی پێ مسۆگەربێ. کەیانی وێژەیی کوردستان چەند بۆ دراوسێ دەریاییەکانی گوێڕایەڵتر بێ، ئەوەندە سەقامگیرتر دەبێ. دیارە کوردستان لەم بارەیەوە تاك و تەنیا نیە چونکە دراوسێ ئەرمەنو

ئازەرو لوڕەکانیشی هەمان گیروگرفتیان هەیەو رەنگە هی ئەوان دژوارتر بێ.

٤ - هێزی ئابووری

کوردستان بەشێوەیەکی سەرەکی، ولاتێکی کشتوکاڵییە. بێجگەلە کشتوکاڵ، ئاژەڵداریش هەیە. کورد سەدەهای سالّە بە بەری رەنجی خۆی دەژی. سەدەی رابردو، کاتێك کوردستان بەلای بازاڕی سەرمایەداریی جیهانداچو، بەشێك لەبەروبومی کشتوکاڵو ئاژەڵەکەی لەبازاڕەکانی حەلەب، ئەستەمبوڵ، بەغدا، موسڵو ئەرمەنستان ساخ کرایەوەو بەشێکی زۆری لەئەستەمبوڵو حەلەبەوە دەبرایە ئەوروپا. ئەو پەیوەندییە ئابورییە پەرەی بەگەشەکردنی کۆمەلایەتی کوردستاندا.

بۆ ولاتێکی سەختی شاخاوی، مەسەلەی ململانێی لەپێناوی ژیاندا گرنگیەکی زۆری هەیە. تێکڕای مێژوی کوردستان مێژوی ململانێیەکی سەختە دژی سروشتێکی

سەخت. هۆی گۆشەگیریی کوردە چیاییەکانو پەیدانەبونی هیچ مەیلێك بۆ پەلاماردانو چەوساندنەوەی دراوسێکانیان بۆ ئەم ململانێ سەختو کاریگەرە دەگەڕێتەوە. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئاژەڵداریو کشتوکاڵ پێکەوە وەك دو جۆری سەرەکیی چالاکیی ئابوری مانەوە. بەپەرەسەندنی پرۆسەی داشکاندن بەلای کشتوکاڵدا کەپێویستی بەنیشتەجێ بون هەیە، ژمارەی خێڵە کۆچەرە تازەنیشتەجێبوەکان زیاد دەبو.

مەسەلەی ململانێ دژی سروشت لەپێناوی ژیاندا، بەواژەکانی ئەم سەردەمە، هەوڵدانێك بوە بۆ دەستەبەرکردنی خۆراك بەبێ پشت بەستن- ئەوەندەی لەتوانادا بێ- بەناوچە دراوسێکان. کورد لەمێژە بەوجۆرە دەژی کەپێویستی بەکاڵای هیچ ناوچەیەکی تر نەبێ. ئەم فاکتەرە چەمکی ئابوریی خۆبژێو سەقامگیر دەکاو ئەوەی ئەمرۆ پێی دەڵێن ئەمنی خۆراك دابین دەکا.

هیچ حکومەتێك هەوڵی بەرەوپێشەوە بردنی کوردستانی نەداوە. لەبەرئەوە کوردستان بەفەرامۆشکراوی ماوەتەوە. چەمکی پەیوەندیی نێوان حاکمو مەحکوم لەلای کورددا هەمیشە لێڵو تەڵخ بوە. کورد بەدرێژایی مێژوی، دەسەلاتی ناوەندی بەدەسەلاتێکی پیرۆز نەزانیوە، ئەمە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کەدەسەلاتی ناوەندیی زۆربەی جار، دەسەلاتێکی بیانیو داگیرکەر بوە، چونکە دەسەلاتە ناوچەییە خۆماڵییەکانیش بەپیرۆز نەزانراون، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەئابوریی خۆبژێوی لەبەرئەوەی پێداویستییە سەرەکیەکانی ژیان دابین دەکا، مەیلێك بەرەو گۆشەگیریو گوێ نەدانە دەسەلاتی حکومەت، چ بیانی بێ چ خۆماڵی، پەیدا دەکا. لەمێژوی کوردستاندا سروشت بەدوژمنی ژمارە یەك زانراوە نەك بێگانە، لەبەرئەوە مەیلێکی بەهێز بۆ پشت بەخۆبەستن دژی سروشت لەناخی کورددا خوێ چەسپاند. ئەمە، لەگەڵ چەند فاکتەرێکی تردا وەك رەنگدانەوەی روخسارەکانی قۆناخی دەرەبەگایەتی

وای کرد کورد سەدان ساڵ دورە پەرێزو گۆشەگیرو پشت ئەستور بەئابوریی خۆبژێوی بژی.

ئەمە بۆچونێك سەقامگیر دەکا کەوا بۆ مەسەلەکە دەچی کەکورد لەسەردەمی سەرمایەداریشدا، دەتوانێ خۆراکی خۆی بەبێ پشت بەستن بەهەندەران دابین بکا. درێژبونەوەی ولاّت بەباری درێژی، یارمەتیی بەرهەمهێنانی بەروبومی جۆراوجۆر دەدا. ئەوەش بەلاّگەیە کەجیاوازیی ئاووهەواو پلەی گەرمی لەنێوان باکورو باشوردا هەلێکی وا دەرەخسێنێ کەبەروبومێکی جۆراوجۆر بێتە بەرهەم. جیاوازیی نێوان بەرزترینو نزمترین پلەی گەرمی دەگاتە ٨٠ پلەی سەدی.

کورد لەباشوردا هەرچی دانەوێلّەی لێ زیاد دەبێ، بەدراوسێ فارسو عەرەبەکانی دەفرۆشێتەوە. لەشەستەکانو حەفتاکاندا ٥٠٪ی گەنم، ٣٠٪ی جۆو ١٠٠٪ی تووتنی عیراق لەکوردستاندا دەهاتە بەرهەم.

دیارە کورد شارەزاییەکی تەواوی لەکشتوکاڵدا هەیە. راستە ئەو رێوشوێنەی لەکشتوکاڵدا لەسەری دەڕوا رێوشوێنێکی زۆر پاشکەوتوە بەلاّم ئەگەر حکومەتێکی کارامەی بۆ هەلّکەوێ، دەتوانێ ئەو رێوشوێنە بەرەو مۆدێرنێزەکردن بەرێ. ئەگەر یەکێ لەتوخمە سەرەکیەکانی ئەمنی دەولّەت ئەمنی خۆراك بێ کەبریتیە لەتوانای دەولّەت بۆ بەخێوکردنی گەلەکەی بەبێ کۆمەکی هەندەران، کوردستان یەکێ لەدەولّەتە پێشڕەوەکانی ئەم بوارە دەبێ. ئەو هێزە وەك درێژەدانێك بەئابوریی نەتەوەیی، هەم لەکاتی شەڕدا هەم لەکاتی ئاشتیدا دەردەکەوێ.

ئەستەمە هیچ دەولّەتێك خۆبژێوییەکی لەسەدا سەد بۆ خۆی مسۆگەر بکات بەلاّم سروشتو ئاووهەواو درێژبونەوەی جوگرافیی هەرێمی کوردنشین رێژەیەکی بەرزی خۆبژێویی بۆ دابین دەکا. ئەمە، لەلایەکی ترەوە، بەمانای بەدەستهێنانی توانای تەئسیرکردنە سەر هەلومەرجی دەولی بەقازانجی دەولّەت یا بۆ بەدیهێنانی هەندێ ئامانجی خۆیی

دێ. چەند دەوڵەت ئەمنی خۆراکی خۆی بەرێژەیەکی گونجاو مسۆگەر بکات، ئەوەندەش بەلەدەستدانی ڕێگاوبانی پەیوەندی کردنی بەهەندرانەوە ناشلەژێ. توانای خۆڕاگرتنو بەرپەرچدانەوەی ئابلۆقە، بەبەکارهێنانی کشتوکاڵ بۆ دابینکردنی ئەمنی خۆراك، دەرفەتی بردنەوەی هەر نەبەردێك زیاد دەکا.

ئەمە بەو مانایەی دێت کەکورد، سەرەڕای ئەوەی کەوڵاتەکەیان وڵاتێکی کێشوەرییە، لەکاتی تەنگانەدا ناگەنە ئەو ڕادەیەی کە بۆ لەتێ نان لەدوژمن بپارێنەوە، ڕێگرتن لەگەیشتنی کەرەستەی خۆراك، تاڕادەیەك تەئسیر دەکاتە سەر کوردستان بەڵام بەپێی پێویست چۆکی پێ دانادا.

بێگومان توانای کشتوکاڵی دەوەستێتە سەر جۆری خاك و خۆڵو بارودۆخی ئاووهەوا. بەڵام ئەمە کاری بەسەر ڕێژەی کانزاوە نیە کەبەشێوەیەکی سەرەکی دەوەستێتە سەر جۆری بەرد.

کوردستان وڵاتێکی هەژار نیە چونکە کانزایەکی زۆری هەیە. بەواتایەکی دی ، کوردستان خۆی لەخۆیدا کانگایەکی فراوانە، تەکنۆکراتەکان دەیانەوێ کانزا بەتایبەتی نەوتو خەڵوز بکەنە ئەو قورمشەی ئامێری پێشکەوتنی پێ دەکەوێتە گەڕ. دیارە ئەم بۆچونەیان زۆر ڕاستو دروستە. فاکتەری کانزا لەم چەرخەی ئێستاماندا بەهایەکی زۆری هەیە. بەڵام تەنها بونی کانزا خۆی لەخۆیدا بەهرە نیە. ئەوەی بەبەهرە دەژمێردرێ، زانینی چۆنێتیی بەکارهێنانی کانزایە بۆ پێشخستنی وڵات. ئەم جۆرە زانینەش حکومەتێکی لێهاتوو سیاسەتێکی دروستو بیرکردنەوەیەکی پراگماتیکیی دەوێ.

کوردستان پێویستی بەوزەی هەندەران نیە. دیارە ئەمەش یەکێکە لەفاکتەرەکانی هێز، بەپێچەوانەوە، هەندەران پێویستی بەوزەی کوردستانە. ئەمەش فاکتەرێکی هێزە، پترول گەورەترین داهاتی سوتەمەنیی کوردستان پێکدێنێ، ٨٪ی ئیحتیاتی پترۆلی هەمو دنیا

(بلۆکی سۆسیالیستی پێشوی لێ بـترازێ) لەکوردسـتانداو بەشێوەیەکی سەرەکی لەکـەرکوك‌و کرماشـان‌و خانـەقین‌و بەشێوەیەکی کەمتر لەسیرت‌و باتمان دایە. بێ لـەوە، چـەند چالّگەیەکی تر لەخواروی هەولێر، چەمچەماڵ، گەرمیان‌و کۆیە هەن بەڵام هێشتا نەهاتونەتە بەرهەم.

ئەو سەرچاوانەی وزە کە لەکوردستاندا هەن، کوردستان بەگوڕ بەرەو بازاڕی جیهان دەبەن، دیارە کوردسـتان لـەڕوی تەکنـەلۆژیاوە زۆر پاشـکەوتوە. ئەمـەش ئـەنجامی خراپـی هەیە چونکە وای لێ دەکا لەدەرهێنانی سوتەمەنیدا پشت بەتـەکنیك‌و زانسـتی رۆژئـاوا ببەسـتێ. لەسـایەی سەرمایەداریدا تەکنەلۆژیا کالّایەکە دەفرۆشرێ‌و دەکڕدرێ. کاتێك کوردستان پێویستی بـەکڕینی تەکنـەلۆژیا دەبـێ، بەسەلماندنی مافی دەرهێنـانی سـوتەمەنی بـۆ کۆمپانیـا رۆژئاواییەکان یاخود بەدامەزراندنی کۆمپانیـای هاوبـەش کەپێشەکی لەسەر رێـژەی قازانجـەکانی رێکدەکـەون، ئـەو تەکنەلۆژیایە بۆ پڕۆژەکانی دابین دەکا. کوردسـتان بـەوەی

کەولّاتێکی فرۆشیاری نەوتە، ناتوانێ خۆی لەبازاڕی دنیـا دابڕێ.

ئەم مەسەلەیە بەهەمان شێوە هـەمو کانزاکـانی تـری خاکی کوردستان دەگرێتەوە، بەبێ تەکنـەلۆژیای رۆژئـاوا، هـیچ کانزایـەك لـەزەمین دەرنایـەت. کوردسـتان بـەهاریکاریکردن لەگـەڵ رۆژئاوادا(ئـەم هاریکاریـە کـە لەپاشەڕۆژدا دەبێتە رێبازی) ئەوەندەی قازانج دەکا ئەوەنـدە زەرەر ناکا، کوردستان ولّاتێك دەبـێ هەرچـی لـەدەرهێنانی کانزاکانیدا چاپوکترو گورج‌و گۆڵتر دەبێ، زۆرتر خێـروبێری پێ دەبڕێ. ئەمە بۆ کوردستان هەم باشە هـەم خراپـە ئـەم دولایەنییـە تایبەتمەنـدیی کوردسـتان دەردەخـا: تایبەتمەندییەك کەهێزێکی ئابوریی دەداتـێ بـەڵام هێـزی سیاسـیی پـێ رەوانابینـێ. هێـزی ئـابوریی کوردسـتان لەبەرئەوەی پشت بەخۆ نابەستێ، هێزی سیاسیی بۆ پەیـدا ناکا، بەڵام ئەمـە لەلایـەکی تـرەوە، دەبێتـە هـۆی ئـەوەی

بەرژەوەندیی رۆژئاوا خۆی لەسەقامگیربونی باری سیاسیی کوردستاندا ببینێتەوە.

کوردستانی کیشوەریی بێ دەریا، بۆ گەیاندنی پترۆڵو کانزاکانی تری بەهەندەران، دەبێ پشت بەدراوسێکانی ببەستێ. هەر بۆریيەکی نەوت کەپترۆل دەباتە سەر دەریاو هەر ڕێگایەکی زەمینی کەکانزا دەرهێنراوەکان دەباتە دەرەوە، بەدەوڵەتێکی دراوسێی وەکو تورکیا یا سوریادا تێدەپەڕێ چونکە ئەم دو دەوڵەتە بۆ کوردستان نزیکترین دو دەوڵەتن لەدەریا. ئەگەر ڕێ بەتێپەڕینی نەوت بەناو خاکیاندا نەدرێ، ئابوریی کوردستان زیانی لێ دەکەوێ. ڕەنگە کوردستان بۆ خۆدەربازکردن لەم ئەگەرە، هەوڵ بدا چەند بۆری نەوتێك لەچەند شوێنێکدا ڕاکێشێ. بەمجۆرە دەتوانێ بۆری نەوتێك لەکرماشانەوە بەناو ئێراندا یا بەناو عیراقدا تا سەر کەنداوی فارس ڕاکێشێو دانەیەکی دی لەکەرکوکەوە بەناو سوریاداو یەکێکی تر بەناو تورکیادا تاسەر دەریای ناوەڕاست. ڕەنگە سیاسەتی حکومەت بچێتە

سەر ئەو بڕوایەی کە ڕاکێشانی بۆرییە نەوتێکی تر بەناو وڵاتانی ئەودیوی کافکاس دا تاسەر دەریای ڕەش شتێکی بەسود بێ. چەند کوردستان بەداهاتو کانزا دەوڵەمەندە، ئەوەندەش پێویستی بەیارمەتی دراوسێکانێتی بۆ بردنی ئەو داهاتو کانزایانە بۆ بازاڕ. ئەگەر دراوسێکان بیانەوێ ڕێ لەدەرچونی ئەو داهاتە بگرن، کوردستان ناچار دەبێ زۆر بە نەرمی گوێ بۆ خواستەکانیان هەڵخا.

ئەگەر حکومەتێکی ژیر هاتە سەر کارو دیپلۆماسیەتێکی بێ تووندڕەوی پیادەکراو ئەگەر ژیرانە سود لەداهاتی فرۆشتنی ئەو کانزایانە وەرگیرا، کوردستان خۆش گوزەرانو لەئاستێکی بەرزی ژیانو ڕێژەیەکی نزمی هەڵاوساندا دەژیو بازاڕێکی گەرموگوڕو ئابورییەکی دینامیکی بەخۆوە دەبینێ.

٥- هێزی راکێشان بەلای ناوەندداو هێزی راکردو لەناوەند

هەر کەیانێکی سیاسی لەسێ توخم پێکدێ کەبریتین لە: خاك، دانیشتوان‌و دەسەلآت (حکومەت). دەسەلآتی دەوڵەت کەرێبەرایەتی شادەماری ولآت دەکا، بەناوەند دەژمێردرێ. ناوەند، هەر ناوەندێك، ئەگەر دەوروبەری خۆی توند رانەگرێ، ناتوانێ کەیانی دەوڵەت بەیەکگرتویی بهێڵێتەوە، ئەوەی دەوڵەت بە یەکگرتویی دەهێڵێتەوە، هێزی راکێشانە بەلای ناوەنددا. بەبێ ئەو هێزە، کەیانی دەوڵەت لەبەریەك هەڵدەوەشێ.

هێزی راکێشان بەلای ناوەنددا خۆی لەو میکانیزمانەدا دەنوێنێ کەکەیانی دەوڵەت تووندوسفت رادەگرن‌و دەبنەهۆی پێکەوەنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی. یەکێ لەو فاکتەرانەی بونەتە هۆی پەیدا نەبونی دەوڵەتێکی یەکگرتو لەکوردستاندا بریتیە لەنەبونی ناوەندێك کە بۆ

هەرێمەکانی دی خاڵی یەکانگیری‌و راکێشان بێ. لەولآتێکی شاخاویی وەك کوردستاندا سەلماندنی دەسەلآتی حکومەتی ناوەندی مەسەلەیەکی پڕ بایەخە. میژوی کوردستان دەری دەخا کەهەر حکومەتێکی ئقلیمی لەهەر شوێنێکدا دامەزرابێ، لەهەوڵدانەدا بۆ ملکەچکردنی دانیشتوانی دژواریەکی زۆری دیوە. داشکاندن بەلای سەربەخۆییداو خۆپاراستن لەدەسەلآتی دەوڵەت، هەمیشە وەك یەکێ لەدنگەکانی ژیانی کۆمەلآیەتی کوردستان بوە. هەر ناوچەیەك رێبەرێکی دەرەبەگ‌و خێڵەکیی خۆی هەبوە کەرازی نەبوە دەسەلآتە فراوانەکانی خۆی بۆ ناوەند بهێڵێتەوە.

ئەگەر مەسەلەکە لەیەك لاوە وەرگرین، دەوڵەت خاکێکە سنورێکی سیاسیی دیاریکراوی هەیەو ژمارەیەکی دیاریکراوی دانیشتوانی تێدا دەژی. بەلآم لەلای هەر سیاسەتمەدارێك یا لەلای هەر کەسێك کە لە جیۆپۆلەتیك دەکۆلێتەوە، شتێکی تر هەیە کەدەچێتە پاڵ پێناسەی

دەوڵەت ئەویش پەیوەندیی نێوان حکومەتو دانیشتوانە. ئەگەر کارلێکەکە بخرێتە قاڵبی ماتماتیکەوە، بەمجۆرەی لێدێ: دەوڵەت= خاکێکی دیاریکراوی خاوەن سنورێکی سیاسیی دیاریکراو+ دانیشتوان+ پەیوەندیی نێوانیان. لەدەوڵەتی نەتەوەییدا میکانیزمەکانی تۆکمەکردنی کەیانی دەوڵەت، واتە هێزی راکێشان بەلای ناوەنددا، لەهی دەوڵەتێکی فرەنەتەوە بەهێزترن.

بەڵام یەکێ لەبەهێزترین هێزەکانی راکردو لەناوەند، جوگرافیایە، لەمپەرە سروشتییەکان دەسەڵاتی ناوەند بەسەر هەرێمەکاندا کەم دەکەنەوە، رەنگە داشکاندن بەلای سەربەخۆیی و رەتکردنەوەی کشانی دەسەڵاتی ناوەنددا تاماوەیەکی دوورودرێژ درێژەی هەبێ. وڵاتێك هەرچەند بەهێزو دەسڕۆبێ، مادام هیچ دەروازەیەکی بۆ سەر دەریا نییە، ئەستەمە خەڵکی ناوچە سەختەکان، بەو رادەیەی خۆی دەیەوێ، ملکەچو دەستەمۆ بکا.

کوردستان لەبەر جیاوازیی خاسیەتە دیموگرافیو توانا ئابورییەکانی نێوان هەرێمەکانی، بەو ئەندازەیە وڵاتێکی هۆمۆجین نیە. کوردستانی یەکگرتو لەخودی خۆیدا، لەڕوی ئابوورییەوە، دو لەتی پێکەوەنوساو پێکدێنێ: باکوری هەژاری پڕ دانیشتوانو باشوری دەوڵەمەندی کەم دانیشتوان. ئەم جیاوازییە. ئەگەر هەلومەرجێکی تایبەتی بۆ بڕەخسێ، رەنگە نەخشێکی خراپ لەسەر یەکگرتویی دەوڵەت بگێڕێ. دابەشبونی جوگرافی (باکور- ناوەڕاست- باشور)و دابەشبونی ئابوری (باکور- باشور) هێزی راکردو لەناوەند پتەو دەکەن.

لەدابەشبونی کەرەستەی خاودا نارێکی هەیە. ئەگەر خەتی پانی ٣٧ بەسنوری نێوان باکورو باشور بژمێرین، مەسەلەکە رونتر دێتە بەرچاو. باشترینو بەبەرەکەت ترین خاکی کشتوکاڵیو بەپیتترین دەشت کەوتۆتە باشور. درێژبونەوەی باشور بەباری درێژی کە بەپێچەوانەی درێژبوونەوەی باکورە بەباری پانی، ئاووهەوایەکی

جۆراوجۆر، دێنێتە کایەوەو دەبێتە هۆی بەرهەم هێنانی بەروبومێکی هەمەجۆر لەکاتێکدا درێژبونەوەی باکور بەباری پانی دەبێتە هۆی لەئارادابونی ئاووهەوایەکی لێکچو، نەك هەمەجۆر. لەباکوردا، لادێ نشینەکان لەبەرکەمی دەشتو دەسنەدانی بەشێکی زۆری زەوی بۆ چاندنو سەختی ئاووهەواو بارینی (تبابێکی)* زۆری بەفر لەزستانداندا ناچارن بۆ خۆڕیاندن پەنابەرنە بەر ئاژەڵداری. بەمجۆرە، جۆرە دابەشبونێکی کار لەنێوان باکورو باشوردا پەیدا دەبێ. لەکاتێکدا ئاژەڵداری، شادەماری ئابوریی لادێیی باکور پێکدێنێ، کشتوکاڵو پیشەسازی (دەرهێنانی کەرەستەی خاو) بەشادەماری ئابوریی باشور دادەنرێن. ئەم دابەشبونە ئابورییە کاردەکاتە سەر پەیوەندیی نێوان باکورو باشور، لەکاتێکدا باکور پێویستی بەدانەوێڵەو وزەی باشور دەبێ، کردنی بازاڕەکانی باشور بەبازاڕی

* تباب: بڕ

ساخکردنەوەی کەرەستە ئاژەڵدارییەکانی خۆی کارێکی ئاسان نابێ، چونکە باشور نشینەکان بێجگەلە کشتوکاڵ ئاژەڵداریش دەکەن.

چۆنێتی دابەش بونی کەرەستەی خاوو سوتەمەنیش زۆر ناڕێکە. لەکاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری چاڵگەنەوتەکانو کانزا ستراتیجییەکان لەباشوردان، باکور بەدەم بێ وزەییەوە دەناڵێنێ. سەرباری ئەمە، لەکاتێکدا چڕیی دانیشتوان لەباکور لەئاستێکی باڵادایە، تبابێکی کەم کەرەستەی خاو هەیە. کەچی مەسەلەکە لەباشوردا بەپێچەوانەیە: لەکاتێکدا چڕیی دانیشتوان لەئاستێکی نزم دایە، داهاتێکی زۆری کشتوکاڵیو پیشەسازی هەیە. ئەم ناڕێکییە، یەکێك لەفاکتەرەکانی هێزی راکردن لەناوەندو لەفاکتەرە ترازێنەرەکان دەبێ چونکە جۆرە جیاوازییەکی کۆمەڵایەتیو ئابوری لەنێوان باکورو باشوردا دروست دەکا. ئەگەر ئەوەشی بچێتە سەر کەئەم ناڕێکی یە تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ سنوری نێوان دو دیالێکتە سەرەکییەکەی ولاتدا

ڕێکدەکەوێ، مەترسی ئەنجامەکانی پەرەسەندنی ئەم جیاوازییە زۆتر دەردەکەوێ.

بەڵام سەرەڕای ئەمە، ڕەنگە ڕژێمێکی سیاسیی لبرال‌و لامەرکەزی‌و دەسەڵاتێکی ناوەندیی هەڵبژێردراوو سیاسەتێکی پیتۆڵ بتوانێ تەئسیری هێزە ترازێنەرەکان کەم بکاتەوە.

٦- سیاسەتی ئایندە

کوردستان ناتوانێ بەهێزی لەشکرەوە بنازێ چونکە دراوسێ بەهێزەکانی لێ ناگەڕێن هێز پەیدابکا. بەڵام، سەرەڕای ئەمە، شوێنە جوگرافیەکەی وای لێدەکا زۆر بۆ دراوسێ عەرەبەکانی بێنێ بەتایبەتی عیراق. کوردستان لەبەر شوێنە جوگرافیەکەی ناتوانێ خەو بەبااڵدەستییەکی سوپاییەوە ببینێ بەڵام یەکگرتنی، لەڕوی جوگرافیەوە ولاتێکی وەکو عیراق لەسەرچاوەی هێز بێبەش دەکا: واتە چیا. دەوڵەتێکی وەك عیراق کەهیچ قوڵاییەکی ستراتیجی

نیە، کەیفی بەدراوسێ کوردەکەی نایەت. ئەوە بەڵگەیە کەگەورەترین سێیەم شاری عیراق، شاری موسڵ، لەسێ لاوە بەکورد دەورە دەدرێو ئەگەر سنوری کوردستان لەخواروی موسڵ بگاتە سەر دجلە، هیچ نامێنێ کورد بگاتە سەر ڕێ ستراتیجییەکەی بەغدا- موسڵ لەلێواری ڕۆژئاوای دجلە. ئەوسا، تەنانەت بەغداش تەنها نزیکەی سەد کیلۆمەترێك لەسنوری باشوری ڕۆژهەاڵتی خانەقینەوە دوردەبێ.

ئەمەش هەڕەشە لەدەسەاڵتە وێژەییەکەی عیراق دەکا کە لەمێژە لەدنیای عەرەبدا خۆی بەپێشڕەوی پان عەرەبیزم دەزانێ. ئەگەر لەدیوی ناوەوە سەیری مەسەلەکە بکەین، مەسەلەکە ئاڵۆزتر دێتە بەرچاو. عیراق دەوڵەتێکە لەڕوی تایفەگەرییەوە زۆر نارێکە. لەعیراقدا هێزی راکردو لەناوەند تادێت باسك ئەستورتر دەبێ. ئەگەر کەیانێکی کوردی لەباکوریدا دامەزرا، هێزی راکردو لەناوەند زیاتر جۆش دەسەنێ. خۆ دەربازکردنی کورد لەدەسەاڵتی عیراق هەڵوێستی تایفەی عەرەبی سوننە کە لەسەرەتای

بیستەکانەوە دەستی بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا گرتوە، دەشڵەژێنێ. ئەگەر کورد لەعەرەب جیابۆوە، عەرەبی سوننە بەو ڕێژە لەسەدا بیستێیەی هەیانە، ناتوانن بەرپەرچی عەرەبی شیعە بدەنەوە کە ئەوسا دەبنە ٨٠٪ی دانیشتوان. ئەمەش بەو مانایە دێت کەعیراق یا دەبێتە دەوڵەتێکی شیعی یا کەیانێکی سیاسیی تایبەت بەعەرەبە سوننەکان لەموسڵ پەیدا دەبێ. کوردستانی یەکگرتو چ لەڕوی سوپاییەوە بەهێز بێ یا بێهێز، بۆ عیراق مایەی نیگەرانی دەبێ.

ئەگەر کوردستان دەستی بەسەر ئەو پڕۆژانەی سەر ئاوی دجلەو فوراتدا گرت کە بەگاپ ناسراون، نەك هەر هەڕەشە لەعیراق دەکا، بەڵکو زەندەقی سوریاش دەبا. مانەوەی هەڕەشەی بڕینی ئاو لەعیراقو سوریا، لەڕوی دیپلۆماسیەوە تای تەرازوی کوردستان گران دەکاو ئەو هەلەی دەداتێ کەمەرجە سیاسیەکانی بەسەریاندا بسەپێنێ. هەر گەلەکۆمەکێیەك کە لەدژی کوردستان لەنێوان عیراقو

سوریا روودەدا، گەلەکۆمەکێیەکی لەرزۆك دەبێ. گەلە کۆمەکێی لەرزۆکیش دەری دەخا کەهیچ دەرفەتێك بۆ یەکلاییکردنەوەی یەکجارەکی لەئارادا نیە. تەنانەت ئەگەر ئەو گەلە کۆمەکیە گەیشتە رادەی یەکبونی: عیراقو سوریاش یاخود گەیشتە رادەی داشکانی عەرەبی سوننەی عیراق بەلای سوریادا، هەڕەشەی کورد وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

بەڵام پێویستە لەسەر کوردستان روبەڕوی هێزی وێژەیی دراوسێ بەهێزەکانی ببێتەوە. کوردستان کە لەڕوی سوپاییەوە هێزێکی کاریگەری نیە، لەڕوی هێزی وێژەییشەوە بێبەشە. لەکاتێکدا دراوسێکان، هەریەکێکیان بەئەندازەی خۆی هێزی وێژەیی خۆی هەیە، کوردستان هێزێکی وێژەیی ئەوتۆی نیە. ئەوە بەڵگەیە کەئێرانیەکان لەهێزی وێژەییاندا پشت بەدو کۆڵەکە دەبەستن: ڕەگەزو مەزهب. لەڕوی ڕەگەزەوە، فارسەکان سەرکردایەتی کردنی ڕەگەزی ئاریایی بۆخۆیان بەڕەوا دەبینن و دەوڵەتەکەیان

لەگەڵ هندستانو پاکستاندا، یەکێکە لەبەهێزترین سێ دەوڵەتی ئاریایی لەدنیادا. سەرەڕای ئەوە، فارسەکان خەو بەپێشەوایەتی کردنی گەلانی زمانە ئێرانیەکانەوە دەبینن و لەڕوی کەلتوریەوە نفوزێکی پایەداریان لەکوردستان، ئەفغانستانو تاجیکستاندا هەیە. لەڕوی مەزهەبەوە، ئێران گەورەترین دەوڵەتی شیعەی دنیایەو لەناو شیعەی عیراق، لوبنان، رۆژهەڵاتی دورگەی عەرەب، ناوەڕاستی ئاسیا، ئەفغانستانو پاکستاندا نفوزێکی زۆری هەیە. هێزی وێژەیی تورکیاش لەوەوە بناوان دەگڕێ کەتورکیا گەورەترینو بەهێزترین دەوڵەتی تورکنژادە لەدنیاداو بانگەشەکردن بۆ بیروباوەڕی پانتورکیزم هەوڵدەدا گەلانی تورکنژادی دنیا، لەسنوری مەغۆلستانو چینەوە تاقوبرس، ببانەسەر ئەو بڕوایەی کە بەپێشەوای تورکانی دنیای بزانن. عەرەبەکانیش لەهێزی وێژەییدا سێ کانگای هێزیان هەیە، یەکەمیان: پێشینەی میژوویی و بەربلاویی عەرەب لەکەنداوی فارسەوە تائۆقیانوسی ئەتلانتیک، دووەمیان:

نەخشەی کاریگەریان وەک رێبەری دنیای ئیسلام کەدنیایەکی پانوپۆڕە، لەئندۆنیسیاوە تا سەر ئۆقیانوسی ئەتلانتیک درێژ دەبێتەوە، بەرەو ناوەڕاستی ئاسیا هەڵدەکشێ، پەل دەهاوێتە ئەلبانیاو بۆسنیا هرزەگۆڤینیا لەبالکانو تاخوار بیابانی گەورەو رۆژهەڵاتی ئەفریقیا دادەکشێ، سێیەمیان: هێزی ئابورییان کەپشت بەچالگە نەوتەکانی کەنداوی فارسو لیبیاو جەزایر دەبەستێ. کورد لەناو دراوسێکانیدا لەهەمویان بێ هێزی وێژەیی تر، تەنانەت ئەرمەنەکانیش کەزەبونترین هاوسێی کوردن، لەهێزی وێژەییدا گرەو لەکورد دەبەنەوە چونکە هێزی وێژەییان لەپێشینەی میژوویییەوە سەرچاوە دەگرێو سود لەوە دەبینێ کەولاتەکەیان دورگەیەکی فەلەتیییە لەدەوروبەرێکی موسڵمان دا. لەبەرئەوە ئەوان لەکورد زیاتر سۆزی فاتیکانو دنیای فەلەتی مسۆگەر دەکەنو ژیانی کۆمەڵایەتیان لەرۆژئاوا نزیکترە تا لەرۆژهەڵات.

بەلاّم کوردستان هیچ هیّزێکی وێژەیی نیە. کوردستان نە پێشینەیەکی میّژویی مەزنی هەیە، نە لەڕوی کەلتوورییەوە دەسەلاّتی بەسەر درواسێکانیدا دەشکێو نە لەڕوی رەگەزییەوە پەل دەهاوێتە دەرەوە. نەبونی هیچ هیّزێکی وێژەیی لەکوردستاندا، وا لەکوردستان دەکا بەئاسانی بکەوێتە ژێر تەئسیری هیّزی وێژەیی دراوسێکان. لەسۆنگەی ئەمەوە، سیاسەتی هەر حکومەتێکی کوردستانی، لەبەر ئەم فاکتەرەو لەبەر چەند فاکتەرێکی دی، یەکجار دژوار دێتە بەرچاو. دیپلوماسیەتی نەرمو نیانی پیادەکراوی ئەو حکومەتە کە بەڕوالّەت وەك ئاسانترین سیاسەت دێتە بەرچاو، لەکرداردا یەکێکە لەئالّۆزترینو دژوارترین سیاسەتەکانی دنیا.

٧- گەیشتن بەدەریا

مەسەلەی گەیشتن بەدەریا بۆ ولاّتێکی وەك کوردستان مەسەلەیەکی چارەنوس سازە. ئەگەر کوردستان دەیەوێ بەهیّزو بەتوانابێ، دەبێ بگاتە سەر دەریا. بەلاّم چۆن؟

گۆڕانی بارودۆخی دەولی هەمیشە هەلومەرجێك لەگەلّ خۆیدا دێنێتەکایەوە کەتێیدا سنوری تازە لەنێوان دەولّەتاندا پەیدا دەبێ. کوردستان بەیەکگرتنی پارچەکانی ناگاتە سەردەریا چونکە هیچ پارچەیەکی پەل ناهاوێتە سەردەریا. ئەو شوێنەی کوردستان هەیەتی، دەولّەتێکی کیشوەریی لێ پێکدێنێ. سالّی ١٩٢٠ کاتێك هاوپەیمانە ئەوروپاییەکان پەیمانی سیڤەریان لەگەلّ تورکیای بەزیودا مۆرکرد. هیچ گوزەرێکیان بۆسەر دەریا نەدایە کوردستان. کەچی لەگەلّ ئەرمەنەکاندا سەخاوەتمەندتر بون. هەندێ هەرێمیان بۆ سەلماندن کەژمارەی ئەرمەنەکان تێیدا لەپێنجیەکی دانیشتوان کەمتر بوو وسنوری

ئەرمەنستانیان گەیاندە سەر دەریای رەش. سولّتانی تورکیا لەبەربێ دەسەلاّتیو بۆ مانەوەی رژێمەکەی، دانی بەپەیمانەکەدا ناو رازی بو دەولّەتی ئەرمەن لەخواروی دەریاچەی وانەوە تاسەر دەریای رەش دریژبێتەوە. بەلاّم پاشان هاوپەیمانەکان لەمە پەشیمان بونەوە، لەگەلّ کەمالیستەکاندا پەیمانی سیڤەریان هەلّوەشاندەوەو پەیمانی لۆزانیان مۆرکرد.

پەیمانی لۆزان سەبارەت بەدامەزراندنی دەولّەتێك بۆ کوردو یەکێکی دی بۆ ئەرمەن خۆی لەگێلیدا. ئەستەمە کورد بەتەمای دوبارەبونەوەی هەلومەرجێکی لەبابەتی هەلومەرجی زەمانی پەیمانی سیڤەر بێ تا داوای گوزەرێك بۆ سەر دەریا بکا. پرنسیپێك کەدەلّێ (ئەوەی بێهێز دەیدا، زۆر لەوە زۆرترە کەبەهێز دەیدا) پرنسیپێکی راستو دروستە.



بۆ کوردستان نزیکترین دو شوێن لەدەریاوە کەوتونەتە بەری رۆژئاوا و بەری باکور. بەری رۆژئاوای فورات نزیکەی ١٥٠ کلم لەکەندراوی ئەسکەندەرونەوە دورە، لەکاتێکدا سنوری باکور لەمە دورترە. ئەگەر ناوچەی نێوان موش و ئەرزنجان بەدورترین شوێنی نیشتەجێ بونی کورد دانێین، سنوری کوردستان نزیکەی ٢٠٠ کلم لەدەریای رەشەوە دور دەبێ. وەك دیارە، هەردو شوێن ئەوەندە دورنین کەسودیان لێ وەرنەگیرێ.

لەبارترین رێوشوێن بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی نەڕوانینە سەر دەریا بریتیە لەوەی کەگوزەرێك (corridos) کوردستان بەناو خاکی دەوڵەتێکی دراوسێدا بگەیەنێتە سەر دەریا. سازکردنی گوزەرێك بەناو خاکی سوریا یا عیراق یا ئێران دا کارێکی دژوارە بەڵام بۆ تورکیا دژوار نیە. ئەگەر ئەم جۆرە گوزەرە هاتەدی، رێگەیەکی زەمینی کە بەناو خاکی تورکیادا تێدەپەڕێ،

کوردستان دەگەیەنێتە سەر دەریا. لەڕوی کردارەکیەوە، گوزەرێك کە لەڕۆژئاوای فوراتەوە تا سەر کەنداوی ئەسکەندەرون درێژ دەبێتەوەو لەو گوزەرە ئاسانترە کە لەباکوری موشەوە دەچێتەسەر دەریای رەش. بەڵام چۆن و لە چ هەلومەرجێکدا دەتوانرێ ئەم گوزەرە سازبکرێ؟ پۆلۆنیەکان تەنها پاش شکستی ئەڵمانیا لەیەکەم جەنگی جیهان گوزەرێکیان بەناو خاکی ئەڵمانیادا تاسەر دەریای بالتیك چنگ کەوت. ئەم گوزەرە پرۆسیای رۆژهەڵاتی لەئەڵمانیا دابڕیو ئەڵمانیای کردە دو لەت. دیارە هەر گوزەرێك بۆسەر دەریا بەشێکی وڵات لەبەشێکی دیکەی دادەبڕێ. لەسۆنگەی ئەمەوە دژوارە تورکیا رازی بێ گوزەرێك بەشێکی بچوکی لێ دابڕێ. گریمان ئەو گوزەرە دامەزرا، چی بەسەر تورکیادا دێ؟ بەشێکی تورکیا لەبەشەکانی دی دادەبڕێ: ئەسکەندەرۆن لەڕوی زەمینییەوە دادەبڕێو رێوشوێنی پەیوەندی کردنی بەتورکیاوە، ئاسانو دەریا دەبێ نەك زەمین. ئەگەر ئەسکەندەرۆنیش لەتورکیا

دابڕا، ڕەنگە گێرۆگرفتێکی دێرینی نێوان تورکیاو سوریا سەرهەڵبداتەوە چونکە تا ساڵی ١٩٣٧ ئەسکەندەرۆن پارچەیەك بووە لەسوریا، ڕێککەوتنێك کە لەنێوان ئەنقەرەو فەرەنسای داگیرکەری ئەوسای سوریا سازکرا، ئەسکەندەرۆنی دایە تورکیا. سورییەکان تائێستا ئەمەیان بیر نەچۆتەوەو خۆیان بەمەغدور دەزانن. گوزەری کورد بەوەی کە ئەسکەندەرون لەتورکیا دادەبڕێ. ڕەنگە ئومێدی سوریا بەسەندنەوەی ئەسکەندەرۆن زیندو بکاتەوە. ئەمەش مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکا.

بێ لەوە، دامەزراندنی ئەو گوزەرە کوردستان لەتورکیا بێ مننەت دەکا، تورکیاش بەبونی ئەو گوزەرە چیتر دەرفەتی ئەوەی نابێ هەڕەشەی خنکاندن لەکوردستان بکا. لەبەر هەمو ئەمانە، مەسەلەی گوزەرێکی کوردیی لەبابەتی گوزەری پۆڵەندە بۆسەر دەریا، لەهەلومەرجی ئاساییدا وەك مەسەلەیەکی بێ سەروبەر دێتە بەرچاو.

لەبەدبەختیی کورد، کوردستان بۆ گواستنەوەی کالاکانی لەکەندراوی فارس، ناتوانێ سود لەدجلەو فورات وەرگرێ چونکە ئەم دو روبارە بەکەڵکی کەشتیڕانی نایەن. ئەمەش دیسان بەرەو تورکیای دەباتەوە. جیهانێك کە بەکارهێنانی زەبروزەنگ زۆر پەسند ناکا، بانگەشە بۆ ڕێککەوتن لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیی هاوبەش دەکا. ئەگەر کوردستان یەکێتییەکی گومرگی یا کۆنفدراسیۆنێکی سیاسیی لەگەڵ تورکیادا دامەزراند، دەتوانێ سود لەهەمو بەندەرەکانی تورکیا وەرگرێ. لەسەر بنچینەی ئەو یەکێتییەدا، تورکیا تەسهیلات بۆ کوردستان دەسەلێنێو ئەو مافەی دەداتێ کەبۆ گوراستنەوەی کالاکانی، ڕێی ئەسکەندەرون- گازی ئێنتاب بەکاربێنێ. ئەگەر هەردولاش چونە سەر ئەو باوەڕەی کەپێویستە ناوچەیەکی ئازادی لەبابەتی ناوچە ئازادەکەی ساڵی ١٩٤٧ی بەندەری تریستا دامەزرێنن، کوردستان بەم کارە زۆر بەختەوەر دەبێ.

وەك دەردەكــەوێ، شــوێنە جوگرافیــە داخراوەكــەی كوردستان زیاتر بەرەو تورکیای دەباو پێوەی دەبەستێتەوە. كۆنفدراسـیۆنی كوردسـتان- تورکیـا لەكاتێکـدا وزەو دانەوێڵە بۆ تورکیا دابین دەكا، تەسهیلاتێکی زۆر بۆ سـود وەرگـرتن لەبەنـدەرەكانی تورکیـاو رێگایـەكی زەمینـی لەئەسـكەندەرونەوە تـا رۆژئـاوای فـورات بـۆ كوردسـتان دەسدەخا.

تێبینی:

ئــەو زانیارییانــەی پەیوەنــدییان بەشــوێن، روپێــو، ئاووهەوا، كانزاكـانو ژمـارەی دانیشـتوانی كوردسـتانەوە هەیە، لەم دو سەرچاوەیە وەرگیراون:

١- الـدكتور عبـدالرحمن قـاسملو، كردسـتان والاكـراد، المؤسسة اللبنانية للنشر، بيروت، ١٩٧٠.

٢- د. عەزیز شەمزینی، جولانەوەی رزگـاریی نیشـتمانیی كوردستان، وەرگێڕانـی فەریـد ئەسەسـەرد، چـاپخانەی برایم عەزۆ، ١٩٨٤.

زنجیرەکانی هۆشیاری

ژ. بڵاوکراوەکان	ژ. هۆشیاری	بابەت	نووسەر و وەرگێڕ	ساڵی چاپ
٣٤٥	١	کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین	ن. ئیسماعیل بێشکچی و. رەوا حاجی	٢٠١٠
٣٤٦	٢	سیستمی سیاسی سویسرا	خەلیل عەبدوڵڵا	٢٠١٠
٣٤٧	٣	ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا	فەرید ئەسەسەرد	٢٠١٠
٣٥٠	٤	ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر	تەحسین نامیق	٢٠١٠
٣٥١	٥	بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن	فەرید ئەسەسەرد	٢٠١٠

٣٥٢	٦	ئایین و ئازادی بیروڕا	نووسینی: عەبدولڕەحمان مونیف و. عوسمان حەسەن شاکر	٢٠١٠
٣٥٣	٧	نەتەوە چییە...؟	ن. ئێرنست ڕینان و. کامیل محمد قەرەداغی	٢٠١٠
٣٥٨	٨	پەرلەمان ـ سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی	ئامادەکردنی عادل عەلی	٢٠١٠
٣٥٩	٩	الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان	د. شۆرش حسن عمر	٢٠١٠
٣٦٠	١٠	ئایین و مۆدێرنە	مستەفا مەلەکیان و. لەعەرەبیەوە یاسین عومەر	٢٠١٠
٣٦١	١١	المدارس السياسية الثلاثاء في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها	فرید اسسرد	٢٠١٠

٣٦٥	١٢	پێگـــــەی میـــــدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا	ڕێبین حەسەن	٢٠١١
٣٦٦	١٣	مميزات النظام الفدرالي	د. شورش حسن	٢٠١١
٣٦٧	١٤	جیهـــانگیری ، فاکتـــەرو گرفتەکانی دیموکراسی	مەلا بەختیار	٢٠١١
٣٦٨	١٥	پەیدابوونی عەلمانیەت	فرید اسسرد	٢٠١١
٣٦٩	١٦	ئیسلامو مۆدێرنـە، ئیسلام لەبـــــەردەم ئەگـــــەری عەلمانیەتدا	ن. محمـــــــد رەزا شالگونی و. عوسمـــان حســـن شاکر	٢٠١١
٣٧٨	١٧	سیاســـــەتی رووخســـــاری نەتەوەیی کەرکوك	د. نوری تالەبانی	٢٠١١
٣٧٩	١٨	ئەنفال لەکوردستانی عیراق	ن. مایکڵ لیزنبێرگ و. کارزان محەمەد	٢٠١١
٣٨٠	١٩	ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك	بـــەختیار جـــەبار شاوەیس	٢٠١١
٣٨	٢	بەشداریکردنی سیاسی	عابد خالد ڕەسول	٢٠

١	٠			١١
٣٨٢	٢١	سیستمی فیدرالێ لەدەوڵەتی ئیماراتدا	ن. عەبدوڵڵا عەنزی و. ســـــــــەردار عبدالکریم	٢٠١١
٣٨٣	٢٢	کـوردو پرسـی دانپێـدانانی دەستووری	خەلیل عەبدوڵڵا	٢٠١١
٢٨٤	٢٣	تیرۆریـــــزم هەڕەشـــــەو مەترسیەکانی	عادل عەلی	٢٠١١
٣٨٧	٢٤	سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت	ن: ئاستین کلاین و. کاوسێن بابەکر	٢٠١١
٣٩٥	٢٥	مـــــۆدێلی حزبایـــــەتی لەکوردستان	ئەنوەر حسێن بازگر	٢٠١١
٣٩٦	٢٦	فلســـــفة الديمقراطيـــــة الاجتماعية	د. حميد عزيز ترجمة: محسن بني ويس	٢٠١١
٣٩٧	٢٧	دەوڵەتشاری دێرین	ن. مۆریس باریيه و. عوسمـــان حســـن شاکر	٢٠١١
٣٩٨	٢٨	ئاینو سیاسەت	ن. نینیان سمارت و. یاسین عومەر	٢٠١١

٣٩٩	٢٠٠٩	بەجینۆسایدناسینی ئەنفال	ن. خەلیل عەبدوڵڵا ٢٠١١

لەبڵاوکراوەکانی
ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
ساڵی (٢٠١٠ - ٢٠١١)

ز	بڵاوکراوەکان	نوسەرو وەرگێڕ	ساڵی چاپ
٣٢٥	حول الفدرالية ـ النظام السويسري والعراقي – دراسة مقارنة	كاوسين بابكر	٢٠١٠
٣٢٦	المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق	عبدالصمد رحيم كريم زنگنه	٢٠١٠
٣٢٧	جلال طالباني ـ مواقف و آراء	صلاح برواری	٢٠١٠
٣٢٨	قراءة البعث للفاشية	د. البرت عيسى	٢٠١

	التأريخية		٠
٣٢٩	٢٠١٠ ساڵی کۆنگرەی رووبەڕووبوونەوە	حاکم قادر حمەجان عزیز	٢٠١٠
٣٣٠	پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆدارشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك)	عوسمان حەمە رەشید گورون	٢٠١٠
٣٣١	ئاغاو شێخ و دەوڵەت	و. کوردۆ عەلی	٢٠١٠
٣٣٢	مێژووی فەلسەفە	و. لەسویدییەوە: عوسمان حەمە رەشید گورون	٢٠١٠
٣٣٣	طالباني جورج واشنطن العراق	خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي	٢٠١٠
٣٣٤	العدالة بين الفلسفة والقانون	اسماعيل نامق حسن	٢٠١٠
٣٣٥	حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية	د. كاظم حبيب	٢٠١٠

٣٣٦	المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة	زبير رسول احمد	٢٠١٠
٣٣٧	الطبيعة القانونية لعقد الزواج	زبير مصطفى حسين	٢٠١٠
٣٣٨	ئايين و دەسەلآت	هاشم كەريمى	٢٠١٠
٣٣٩	فيمينيزم	رەسول سولّتانى	٢٠١٠
٣٤٠	سياسة التعريب في قضاء شنكال	بيان محمد سعيد	٢٠١٠
٣٤١	الامن و مستقبل السياسة الدولية	فرهاد جلال مصطفى	٢٠١٠
٣٤٢	زنجيرەيەك گفتوگۆى مەدەنى، عەلمانيەت و ئايين، عەقلّ و شەريعەت، كوردو ميديای عەرەبى	ئومێد قەرەداغى	٢٠١٠
٣٤٣	مسرحيات و تحليل	فريدريش دورينمات ت: غسان نعسان	٢٠١٠

٣٤٤	رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية	زانا رفيق سعيد	٢٠١٠
٣٤٥	كوردەكان و مافى چارەى خۆنووسين زنجيرەى هۆشيارى ژمارە (١)	ئيسماعيل بێشكچى و. رەوا حاجى	٢٠١٠
٣٤٦	سيستمى سياسى سويسرا زنجيرەى هۆشيارى ، ژمارە (٢)	خەليل عەبدولّلآ	٢٠١٠
٣٤٧	ئاين و دەولّەت لەميسرى سەردەمى محەمەد عەلى پاشادا زنجيرەى هۆشيارى ، ژمارە (٣)	فەريد ئەسەسەرد	٢٠١٠
٣٤٨	گۆڤارى كەلتور		٢٠١٠
٣٤٩	رۆژنامەى كوردى گۆڤارى	ئامادەكردنى:	٢٠١٠

	هەولێر سالّی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢)	د. هیمدادی حوسێن	٠
٣٥٠	ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٤)	تەحسین نامیق	٢٠١٠
٣٥١	بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥)	فەرید ئەسەسەرد	٢٠١٠
٣٥٢	ئایین و ئازادی بیروڕا زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٦)	ن: عەبدولڕەحمان مونیف و: عوسمان حەسەن شاکر	٢٠١٠
٣٥٣	نەتەوە چییە...؟ زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧)	ن. ئێرنست ڕینان و. کامیل محمد قەرەداغی	٢٠١٠
٣٥٤	خانقین .. حکایات اعوام	یوسف یوسف	٢٠١

	الرماد		٠
٣٥٥	بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان	رامیار مەحمود	٢٠١٠
٣٥٦	الدولة الايوبية في اليمن	د. فرست مرعي	٢٠١٠
٣٥٧	سپینۆزا	ن. هاشم صالح و. ئارام ئەمین شوانی	٢٠١٠
٣٥٨	پەرلەمان میّژووی سەرهەلّدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی	ئامادەکردنی عادل عەلی	٢٠١٠
٣٥٩	الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان	د. شورش حسن عمر	٢٠١٠
٣٦٠	ئاین و مۆدێرنە زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠	مستەفا مەلەکیان و. لەعەرەبییەوە:	٢٠١٠

		ياسين عومەر	
٣٦١	المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١	فريد اسسرد	٢٠١٠
٣٦٢	گۆڤاری کەلتوور		٢٠١٠
٣٦٣	نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا	ئامادەکردنی: سالّح رەحمان	٢٠١٠
٣٦٤	الموسوعة الكرد الصغرى	كنياز ابراهيم ميرزويف ت. عن الروسية: احمد حيدر علي	٢٠١٠
٣٦٥	پێگەی میدیا لەهەلّبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا (ژ. ز، ١٢)	رێبین حەسەن	٢٠١١

٣٦٦	مميزات النظام الفدرالي في العراق (ذ. ز. ١٣)	د. شورش حسن عمر	٢٠١١
٣٦٧	جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤)	مەلا بەختیار	٢٠١١
٣٦٨	پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥)	فەرید ئەسەسەرد	٢٠١١
٣٦٩	ئیسلامو مۆدێرنە ، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا(ژ. ز. هۆشیاری (١٦)	ن. محمد رەزا شالگونی و. عوسمان حسن شاکر	٢٠١١
٣٧٠	سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٥٠-١٩١٤)	هەستیار کەمال کوردی	٢٠١١

٣٧١	المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية	بقلم: عبدالرزاق محمود القيسي	٢٠١١
٣٧٢	كورتە باسێكى فەلسەفەى سياسى	ن. دەيڤد ميلّەر و. لەئينگليزيەوە: كارزان كاوسێن	٢٠١١
٣٧٣	هەوالّنامەى كوردستانى عيراق	ئامادەكردنى : نەوزاد عەلى ئەحمەد	٢٠١١
٣٧٤	ئاغاو شێخ و دەولّەت بەرگى دووەم	ن. مارتين ڤان برونەسن و. لەئەلّمانيەوە: د. كوردۆ عەلى	٢٠١١
٣٧٥	تاريخ الفكر الكردى	مامۆستا جعفر ترجمة: د. بندر على	٢٠١١
٣٧٦	رۆژنامەنووسى كوردى لە كوردستانى عيراقدا	هەلّەت خەسرەو ئەحمەوەندى	٢٠١١

	(١٩٩١-٢٠٠٥)		
٣٧٧	مافى چارەى خۆنووسين لەئەدەبياتى (ى. ن. ك)دائەحمەد (١٩٧٥-١٩٩٢)	نەوزاد عەلى	٢٠١١
٣٧٨	سياسەتى گۆڕينى رووخسارى نەتەوەيى ناوچەى كەركوك - ژ. ز. هۆشارى (١٧)	د. نورى تالّەبانى	٢٠١١
٣٧٩	ئەنفال لەكوردستانى عيراق ژ. ز. هۆشيارى(١٨)	ن. مايكلّ ليزنبێرگ و. كارزان محەمەد	٢٠١١
٣٨٠	ئۆپۆزسيۆن لەچەمكەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩)	بەختيار جەبار شاوەيس	٢٠١١
٣٨١	بەشداريكردنى سياسى ژ. ز. (٢٠)	عابد خالد رەسول	٢٠١١
٣٨٢	سيستەمى فيدرالّ لەدەولّەتى ئيماراتدا، ژ. ز (٢١)	ن. عەبدولّلا عەنزى و. سەردار	٢٠١١

		عبدالكريم	
٣٨٣	كوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری	خەلیل عەبدوڵڵا	٢٠١١
٣٨٤	تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان	عادل عەلی	٢٠١١
٣٨٥	چرای ماڵە هەژارەکان	ئامادەکردنی: عەلی جوڵا	٢٠١١
٣٨٦	کەلتور – ژمارە (٣)		٢٠١١
٣٨٧	سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت	نوسینی : ئاستین کلاین و. لەفارسیەوە: کاوسێن بابەکر	
٣٨٨	کوردستان	نەوزاد عەلی ئەحمەد	٢٠١١
٣٨٩	دراسة تاريخية وسياسية	تاليف: حسن ارفع	

	حول "الشعب الكردي"	ترجمة: عبدالرزاق محمود القيسي	٢٠١١
٣٩٠	کورتەیەک لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد	ن: نوری تاڵەبانی و. شاناز رەمزی	٢٠١١
٣٩١	گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا	فەرید ئەسەسەرد	٢٠١١
٣٩٢	سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا	و. مظفر عبدالوهاب	٢٠١١
٣٩٣	کورد گەلێکی بێ دەوڵەت زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١)	ن. ئینگۆنۆیمایەر و. رێبوار تۆفیق	٢٠١١
٣٩٤	لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی	ن. د. جین شارپ و. کارزان محمد	٢٠١١

٣٩٥	مـــــۆدێلی حزبایـــــەتی لەکوردستان ژ. ز. هۆشیاری (٢٥)	ئـــەنوەر حســـێن بازگر	٢٠١١
٣٩٦	فلســـــفة الديمقراطيـــــة الاجتماعية ژ. ز. هۆشیاری (٢٦)	د. حميد عزيز ت: محسن بنی ويس	٢٠١١
٣٩٧	دەوڵەتشاری دێرین ژ. ز. هۆشیاری (٢٧)	ن. مۆریس باربیه و. عوسمان حەسەن شاکر	٢٠١١
٣٩٨	ئاینو سیاسەت ژ. ز. هۆشیاری (٢٨)	ن. نینیان سمارت و. یاسین عومەر	٢٠١١
٣٩٩	بەجینۆسایدناسینی ئەنفال ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩)	خەلیل عەبدوڵڵا	٢٠١١